زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil


وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر

كۆلێژی ئاداب

بەشی كۆمەڵناسی


قۆناغی سێیەم

# وانەكانی بابەتی؛ دانیشتوان

## مامۆستای بابەت:

## م. ی. روستم صابر مصطفى

## ***کۆرسبووک و پرۆژە و بەرنامەی کاری زانستی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤***

**بەشی یەکەم/ دیاریکردنی چەمکەکان و ڕەهەندەکانی بابەتەکە.**

**بۆچی ئەم لقە زانستییە دەخوێنین؟**

**باسی یەکەم: دیاریکردنی چەمکەکان.**

1) **دانیشتوان**
2) **دیمۆگرافیا**
3) **مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی**
4) **دانیشتوان و کۆمەڵگا**

**باسی دووەم: ڕەهەندەکانی بابەتەکە**

**یەکەم/ بوارەکانی دانیشتواناسی**

**دووەم/ پەیوەندی دانیشتواناسی بە لقە زانستیەکانیترەوە**

**بەشی دووەم/ پەرەسەندنی مێژوویی هزری دانیشتواناسی**

**باسی یەکەم: سەرەتاکانی بیرکردنەوە لە دانیشتوان و گەشەکردنی**

**یەکەم/ بیرکردنەوەی دانیشتوانی لای یۆنانییەکان**

**دووەم/ بابەتی دانیشتوانی لە رۆژهەڵات**

**باسی دووەم: سەرەتاکانی بیرکردنەوە لە دانیشتواناسی وەک لقێکی سەربەخۆ**

**بەشی سێیەم/ دیاردە دانیشتوانییەکان**

1) **قەبارەی دانیشتوان**
2) **پێکهاتەی دانیشتوان**
3) **دابەشبوونی دانیشتوان**
4) **چڕی دانیشتوان**
5) **ڕەوکردنی (کۆچکردن)ی دانیشتوان**
6) **گەشەکردنی دانیشتوان**

**بەشی چوارەم/ توێژینەوە دانیشتوانییەکان (دراسات السكانية)**

**یەکەم: مەبەست لە توێژینەوە دانیشتوانییەکان و جۆرەکانی**

**دووەم: گرنگی توێژینەوە دانیشتوانیەکان**

**سێیەم: هۆکارەکانی پەرەسەندنی توێژینەوە دانیشتوانیەکان**

**بەشی پێنجەم/ سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر دانیشتوان**

١) سەرژمێری گشتی

٢) تۆمارکردنی ژیانداری

٣) ڕووپێوکردنی نموونە

٤) ئاماری (کۆچکردن) ڕەوکردن.

---

**بەشی یەکەم/ دیاریکردنی چەمکەکان و ڕەهەندەکانی بابەتەکە**

**- بۆچی ئەم لقە زانستییە دەخوێنین؟**

**ئامانجەکانی دانیشتواناسی:**

١) بۆ ئاشنابوونمان بە دیاردە دانیشتوانیەکان و خەسلەتە گشتییەکانی دانیشتوان.

٢) بۆ پراکتیزە و پیادەکردنی میتۆدەکانی توێژینەوەی دانیشتوانی لە توێژینەوە دانیشتوانییەکانی کۆمەڵگەی خۆماندا.

٣) ئامانج لە خوێندنی دانیشتواناسی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانستیمان بۆ جیاکردنەوەی مەعریفەی مرۆییەکان و جەختکردنە سەر سروشت و خەسلەتی مەعریفەی زانستی لە بواری دانیشتوانیدا.

٤) ئاشنابونمان بە جۆرە جیاوازییەکانی پەیکەرە دانیشتوانیەکان و جیاکردنەوەیان لە یەکتری پەی بردن بە پیکهاتەی دانیشتوانێکی گونجاو.

٥) ناسینی جۆرەکانی گرفتە دانیشتوانیەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان بەپێی جیاوازی گرفتەکان یان بەپێی جیاوازی کۆمەڵگاکان.

**باسی یەکەم: دیاریکردنی چەمکەکان.**

**١- دانیشتوان:** (Population)

**دانیشتوان لەکۆی ئەوکەسانەی کە لە ژیاندان پێکهاتوە، لە کاتێکی دیاریکراو و لەسنوری وولاتێکی دیاریکراودا دەژین، بە چاوپۆشی لەوەی خەڵکی ڕەسەنی وولاتەکەن یان کەسانی نامۆن لە شوێنیتر هاتوون.**

**یان دانیشتوان؛ بریتییە لە سەرجەم کەسە زیندووەکان کە لە (شوێن، کات و سنوور)ی وولاتێکی دیاریکراودا دەژین؛ جا خەڵکی ڕەسەنی شوێنەکە بن یان نامۆ بن.**

هەندێک لە بیرمەندان دەڵێن دانیشتوان کۆڵەگەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتییە لەهەر کۆمەڵگایەک بێت، چونکە کەسەکان وێنەی زیندوون کە ڕەنگدەدەنەوە لە ڕەوشی کۆمەڵگا و جۆری گوزەرانی ژیان تیایدا، هەروەها ڕووبەڕووی گرفتەکانی دەبنەوە.

بۆچوونیتر هەیە کە ئاماژە بە گرنگی بەرچاوی دانیشتوان دەکات لە بواری کۆمەڵناسی، لە تێڕوانینی ئەو گرفتانەی کە سەرهەڵدەدەن لەگەڵ گەورەبوونی قەبارەی دانیشتوان، بەتایبەتی لە کاتی نەبوونی سیاسەتی دانیشتوان کە پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی ژیانی کۆمەڵایەتی دابین دەکات.

**<u>مەبەست لە دانیشتوان چییە؟</u>**

کەواتە دەتوانن بڵێین دانیشتوان بریتییە لەو کۆمەڵە کەسانەی کە پێکەوە لەشوێنێکی دیاریکراو دەژین، لە هەردوو ڕەگەزی نێرومێ پێکهاتوون بەڕێژەیی، هەندێ خەسڵەتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و بەرژەوەندییەکانیان پێکەوە دەبەستێت، وەکو نیشتمان و زمان و ئایین و پیشە جۆراوجۆرەکان. مەرجیش نیە هەموو وڵاتێک تەنها لە یەک نەتەوە یان یەک زمان یان یەک ئاین پێکهاتبێت؛ بەڵکو ئەم شێوەیە زۆر دەگمەنە، بۆیە زۆربەی وڵاتانی جیهان لە نەتەوەی جۆراوجۆر لە زمان و ئایین و دابونەریتی جۆراوجۆر پێکهاتوون؛ هەتا لە چینی ڕەش پێست و سپی پێستەکانیش هەنە بەڕێژەی جۆراوجۆر لەئاستی کیشوەرەکان.

**٢- چەمکی دیموگرافیا**

چەمکی دیموگرافیا: زۆر لە توێژەر و زانایانی بواری زانستە مرۆیی کۆمەلایەتییەکان چەمکی دیموگرافیا بەهەمان مانای دانیشتواننناسی بەرکاردێنن، بۆیە بە لایانەوە پێناسەی دیموگرافیا بریتییە لە؛ توێژینەوەی ئاماریانەی دانیشتوان لەسەر جولە و پێکهاتە و قەبارە و دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر ناوچە و هەرێمە جیاوازەکاندا و دۆزینەوەی شیکردنەوە و ڕاڤەیەکی زانستی بۆ هەموو ئەمانە لەمیانەی بەکارهێنانی ڕێبازی ئاماری و ژمێریاریەوە؛ ئەمانە پێیان وایە لەگەڵ ئەوەی لەرووی زمانەوانیەوە وشەی دیموگرافیا ووشەیەکی یۆنانیە و لە دوو برگە پێکهاتووە Demos واتا خەلک Graphy واتا وەسف هەردووک پێکەوە دەبنە وەسفی دانیشتوان نەک ئەو توێژینەوە قوڵ و ڕاڤە زانستییەی لایەنگرانی بەکارهێنانی چەمکی دانیشتواننناسی دەیانەوێت، بەلام بەلای ئەمانە وشەی گرافی لە بنچینەدا لە وشەی (Graphien)وە هاتووە کە بەمانای نووسین دێت بۆیە وشەی دیموگرافیا واتا نووسین لەسەر خەڵک نەک وەسف کردنیان.

- بەلای هەندێکی تر لە توێژەرانی ئەم بوارە کە دیموگرافیا بریتییە لە توێژینەوەی ئاماریانەی دانیشتوان و پشت بە ژمارە و ڕێژە دەبەستێت و تەنیا گرنگی بەلایەنی چەندایەتی دانیشتوان دەدات قبول نابێتەوە بۆ بە دەرخستنی لایەنی چۆنایەتی و ئەو تایبەتمەندیانەی کە پەیوەستن بە چۆنایەتی

دانیشـــتوانەوە، واتـــا ئەمەش جیـــاوازە لە دانیشتواننناســـی چـــونکە دانیشتواننناســـی تەنیـــا پشـــت بەریـــژە و ژمـــارە نابەســـتێ بەڵکـــو شـــیکاری گۆرانکارییەکـــان و دیاردەکـــانی زۆربـــوون و کەمبـــوونەوەی دانیشـــتوانیش دەکـــات؛ بە پـــێچەوانەوە دیموگرافیـــا خـــۆی لە هەنـــدێک بـــابەتی گرنگـــی پەیوەســـت بە چۆنـــایەتی دانیشـــتوانەوە بە دوور دەگرێـــت بەتـــایبەتی ئەو بابەتـــانەی کە پەیوەنـــدیان بە رێکخســـتنی دانیشـــتوان و چـــاککردنی نەوە(تحسـین النسـل) پرۆژەکـانی رێکخسـتنی خێـزانەوە هەیە بـۆیە دانیشتواننناسـی فراوانتـرە لە دیمۆگرافیا.

٣- مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی:

چەمکـــێکە لە چەمکەکـــانی کۆمەڵناســـی و لەلایەن کۆمەڵناســـی فرەنســـی(امیل دورکهـــایم)وە بە مانـــای بونیادی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، کە لە (١٨٥٨) لە دایک بووە وە لە(١٩١٧) مردووە.

دۆرکهـایم لە سـاڵی (١٨٩٣)دا تیـزی دکتـۆراکەی بە ناونیشانی(دابەشـبوونی کـاری کـۆمەڵایەتی) بە زمـانی فەرەنسـی پێشـکەش کـردووە، لە تێزەکەیـدا پێیـوایە دوو دیـاردەی دانیشـتوانی وەکـو (بەرزبـوونەوەی ئاسـتی چـڕی و گەورەبـوونی قەبارە)بنەمـای دابەشـبوونی کـاری کـۆمەڵایەتی و سـەرەتا و دەسـتپێکی زنجیـرەیەک ریفـۆرمن لە ژیـانی کـۆمەڵایەتی کـۆمەڵگەدا، واتـا چەمکـی مۆرفۆلۆژیـای کـۆمەڵایەتی لای دۆرکهـایم هـاو مانـای ئەوەیە کە بەشـێکیتر لە بونیادگەریەکـان پێـی دەڵـێن بونیـادی کۆمەڵایـەتی یـان لای ئاراسـتەی هزری ململانێ پێی دەڵێن سەرخان و ژێرخان بەڵام دۆرکهایم بە دیاردە دانیشتوانیەکانەوە گرێی دابوو.

ئـەم چەمـکەش لە بنچینـەدا لە دوورگەی پێکهـاتووە ئەویـش مـۆرفیم واتـا پێکهـاتە، لۆژیـا بە نامـای زانسـت، کاتێـک چەمکـی کـۆمەڵایەتی دەخەینـە پاڵیـان دەبێـتەوە زانسـتی پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی کە لەلای (دورکهـایم) قەبـارە و چڕبـوونەوە دەگـرێتەوە و دواتـر کـاریگەری ئەمـانە لەسـەر دابەشـبوونی کـار و ژیـانی کۆمەڵایەتی.

- دۆرکهایم لەم بارەیەوە دەڵێت:

(هەر جـۆرە جـوڵەیەکی خێـرا لە پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی کە ببێتەهـۆی پچڕانـی (پسـانی) بەشـێک لە تۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ئەگەر سەرهەڵدانی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات).

٤- دانیشتوان و کۆمەڵگا

لەنـاو نووسـین و تـوێژینەوە دانیشـتوانیەکاندا هەنـدێک سـەرچاوە دەبینـین لەژێـر ناونیشـانی دانیشـتوان و کۆمەڵگا بە تـایبەت لە نـاو نووسـەران و تـوێژەرانی میسـیریدا مەبەسـتیان لەم چەمـکە پـێکەوە ناونیشـانی ئەو لـقە زانسـتەیە کە تـوێژینەوە لەسـەر دانیشـتوان دەکـات بەڵام بوارەکـەی فراوانتـرە کـە شـیکردنەوەی

بـــواره جـــوگرافی ئـــابووری و رامیـــاری و كۆمەڵایەتیەكـــانیش دەگـــرێتەوە كە لە بـــواری دانیشـــتوان و گۆرانكارییەكانیدا رەنگدانەوەیان هەیە و كاریگەری دەخەنەسەر دیاردە دانیشتوانیەكان،

- لەژێـــر ناونیشـــانی دانیشـــتوان و كـــۆمەڵگەدا تـــوێژینەوە لەســـەر هەمـــوو ئەو بـــوار و لایەنـــانەی كـــۆمەڵگە دەكرێت كە پەیوەندیان بەهەر بوار و لایەنێكی تری دانیشتوانەوە هەیە.
- یـــان بەواتـــایەكی تـــر لەژێـــر ئەم ناونیشـــانەدا لەو پەیوەنـــدیە دیـــالێكتێكە دەكـــۆڵێتەوە كە لە نێـــوان دانیشـــتوان و كـــۆمەڵگەكەدا هەیە، بـــۆیە تەنیـــا لە یەك ڕوانـــگەوە ســـەیری ئەم پەیوەنـــدیە ناكـــات بەڵكـــو لەو شـــوێنەوار و كاریگەریـــانەش دەكـــۆڵێتەوە كە دواتـــر دیـــاردە دانیشـــتوانیەكان دەیخەنەســـەر بوارەكـــانی تـــری ژیـــانی كـــۆمەڵایەتی كـــۆمەڵگە؛ بـــۆ نمـــوونە (گەورە بـــوونی قەبـــارە و ئاســـتی داهـــاتی نەتەوەیـــی) یان( پێكهـــاتەی دانیشـــتوان و ئاسایشـــی نەتەوەیـــی) بەكـــورتی لـــەم بـــوارەدا تـــوێژینەوە لەســـەر دانیشتوان وەكو بەشێك لە بنوپادی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە دەكرێت).

## باسی دووەم: ڕەهەندەكانی دانشتواننـاسی

**دەستپێك یان سەرەتـایەك لە بارەی چەمكی ڕەهەند:**

لەم باســـەدا كە پەیوەســـتە بە ڕەهەنـــدەكانی دانیشتواننـاســـیەوە واتـــا ئەو شـــوێن و مەیـــدانەی دانیشتواننـاســـی هەیەتـــی و دوری و نزیكـــی لە زانســـتەكانیترەوە و ئاســـتی پەیوەنـــدی پێیـــانەوە، ڕەهەنـــد وەكـــو چەمكێكـــی كۆمەڵناســـی ئەو دووریـــانە دەگـــرێتەوە لـــە پەیوەنـــدی نێـــوان پێكهێنـــەرانی بونیـــادی كۆمەڵایەتییـــدا هەیـــە، یەكەم كەســـێك چەمكـــی ڕەهەنـــدەكانی لەبـــواری زانســـتە كۆمەڵایەتیەكانـــدا بەكارهێنابێـــت زانـــایەكی دەروونناســـی كـــۆمەڵایەتییە بەناوی(بۆگـــاردۆس)، كاتێـــك تـــوێژینەوەی لەســـەر( پەیوەندی نێـــوان گـــروپ و یەكە و ڕێكخراوەكـــان) دەكـــرد بـــۆ زانینـــی ئاســـتی (دۆســـتایەتی و خۆشەویســـتی یـــان ڕق و كینـــەی نێوانیـــان) ، ئەم زانـــایە بـــۆ بەدەرخســـتنی ئەمـــانە چـــاوپێكەوتنی لەگەڵ ١٧٢٥ كەســـدا كـــردووە لە هاوڵاتیـــانی ئەمریكـــی كەپێكهـــاتبوو لە (٤٠) ڕەگەزی جیـــاواز لەڕووی نەژادیەوە، لە ڕێـــگەی خســـتنەڕووی چەنـــد پرســـیارێكەوە تـــوانی ڕەهەنـــدەكانی نێـــوان ئەم گـــروپە جیـــاوازانە پێـــوانە بكـــات بەرامـــبەر بە یەكتـــری یـــان گـــروپە دانیشـــتوانیەكانیتری ئەمریكـــا، گرنگتـــرین ئەو پرســـیارانەی لە كـــاركردن یـــان دراوســـێیەتی یـــان هـــاوڕێیەتی یـــان ژنخـــوازی و هاوســـەرگیری یـــان پـــێكەوە ژیـــان لە یەك گەڕەكدا....هتـــد. دوای شـــیكردنەوەی وەڵامەكانیـــان گەیشـــتە ئەو ئەنجـــامەی كە گەلـــی ئەمریكـــی كـــورترین ڕەهەنـــدێك لە نێـــوان خـــۆیی و گەلـــی ئینگلیـــزی و هۆڵەندیـــدا دادەنێـــت بەڵام دوورتـــرین ڕەهەنـــدێك لـــەنێوان خۆی و گەلی توركی دادەنێت.

**ئـێمەش لەم روانـگەوە لە بـواری دانیشتواننـاسـیدا بـۆ تێگەیشـتن لە ڕەهەنـدەکانی ئەم لـقە زانسـتییە بـاس لە بوارەکانی دانیشتواننـاسی و پەیوەندی بەلقە زانستەکانی ترەوە دەکەین.**

**لێرەدا پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو کە بوار و <u>مەرجەکانی هەر لقێکی زانستی</u> سەربەخۆ چین؟**

**هەر کاتێـک بـاس لە لقێکـی زانسـتی سـەربەخۆ بکەیـن کۆمەڵێـک بنەمـا و مەرجـی بنچینەیـی هەیە دەبـێ لەو بابەتەدا هەبێت کە بۆ سەربەخۆبوونی هەر لقێکی زانستی پێویستن وەکو:**

1) **پێویسـتە مەیـدانێکی هەبێـت بـۆ تـوێژینەوە و لە بـوارەدا بـابەتە سـەرەکی و لاوەکیەکـانی هەر لقێکی زانستی.**
2) **پێویسـتە هەر لقێکـی زانسـتی کێشـەیەکی بنەرەتـی هەبێـت، لەنـاو مەیـدانە فراوانەکەیـدا پرسـێکی بنچینەیی هەبێت بە دوای وەڵامدانەوەی دا بگەرێت.**
3) **پێویسـتە هەر لقێکـی زانسـتی میتـۆد و کەرەسـتەی کـۆکردنەوەی زانیـاری و چەمکـی تـایبەت بەخـۆی هەبێـت لە رێـگەی بەکارهێنانیـانەوە ناسـنامەی تـوێژەر و توێژینەوەکانیشـی روون و دیـار و ناسراوبن.**
4) **پێویسـتە لە هەر لقێکـی زانسـتی سـەربەخۆدا تیۆرڤـانی (تیۆریسـت)ی زانسـتی هەبێـت و هەروەهـا تـوێژەری ئـاکتیڤ بـۆ زیـاتر سـاغکردنەوەی بابەتەکـانی و پرسـە بنەڕەتـیەکەی لەکـاردا بـن بـۆ پسپۆرانی بوارەکە یان بۆ پسپۆرانی بواری لقەزانستیەکانی نزیک لەم لقە ناسراوبن.**
5) **پێویسـتە لە هەر لقێکـی زانسـتی سـەربەخۆدا تیـۆری تـایبەت خـۆی هەبێـت کە لە رێـگەی وەرگرتنـی گریمـانەوە و بەهـۆی تـوێژینەوەی مەیـدانی یـان تیـۆری ڕاسـتی ئەو گریمـانەیە سـەلمێنرابێت و چ لە کـۆمەڵگەی جیاوازیـان بەپێـی قۆنـاغی مێـژووی جیـاواز ڕاسـتیان دووبـارە سـەلمێندرا بێـتەوە هەتا وەک تیۆرێکی ئەو زانستە دامەزرابن.**

**سەبارەت بە <u>مەرجەکانی دانیشتواننـاسی</u> دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:**

1) **پێویسـتە مەیـدانێکی هـەبێت بـۆ توێژینـەوە، لـەو مەیدانـەدا بابەتـە سـەرەکی و لاوەکییـەکانی دیـاریکراوبن و لـە چوارچێوەکەیـدا کۆیـان بکاتـەوە، هـەر کاتێـک توێژینـەوە لەسـەر هـەر بابـەتێک لـەو بابەتانـە بکرێـت؛ تـوێژەران یـان خـەڵکانی پسپۆر و شـارەزا، هـەر بـە ناونیشـانی بابەتەکـە دیناسـنەوە و دەڵـێن ئـەم ناونیشـانە دەچێتـە چوارچـوەی بابەتـەکانی ئـەو لقـە زانسـتیەوە، یـان مەیـدانی ئـەو زانستەیە.**

٢) پێویستە کێشەی بنەڕەتی هەبێت، کێشەی بنەڕەتی دانیشتواننااسی بریتییە لە دیاردە و بوارەکانی دانیشتوان یان خودی دانیشتوانە بە هەموو ڕەهەندەکانەوە.

٣) لەبارەی هەبوونی میتۆد و کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و چەمکی تایبەتیەوە، لە دانیشتواننااسیدا چەمکی دیاردە دانیشتوانیەکان بە چەمکی تایبەت و بنچینەیی دانیشتواننااسی دادەنرێت و هەمان میتۆدەکانی کۆمەڵناسیش بە جیاوازی لە وردەکارییەکانی پیادەکردنیانەوە بەکاردێنێت بە تایبەتی میتۆدی ئاماری رووپێوی کۆمەڵایەتی وەسفی.

٤) لەبارەی تیۆرڤان و توێژەری کارا و زانستی، لەناو دانیشتواننااسیدا چەندین زانای بەناوبانگی وەکو مارتۆش و سادلر و سبنسر هەیە کە تیۆرەکانیان لەچەندین کۆمەڵگەدا توێژینەوەی لەسەر کراوە ڕاستیان سەلێمنراوە.

٥) لەبارەی تیۆریشەوە تیۆرەکانی دانیشتواننااسی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و بایەلۆژیدا ناوبانگیان هەیە.

**یەکەم/ بوارەکانی (مەیدانەکانی) دانیشتواننااسی ئەمانەن:**

١- پیکهاتەی دانیشتوان بە هەردوو لایەنی بایەلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە.

٢- دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر هەرێم و ناوچە جیاوازەکان و شار و لادێدا و ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر ئەم جۆرە دابەشبوونە هەیە.

٣- قەبارەی دانیشتوان و هۆکارەکانی گەورە بوون ڕێکخستن و بچووک کردنەوەی قەبارەی دانیشتوان.

٤- چڕی دانیشتوان و ئاستی پەرش و بڵاوی گروپە مرۆییەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەیەش لە رەفتار و چۆنیەتی بیر کردنەوەی تاکەکاندایە.

٥- کۆچکردنی (ڕەوکردن)ی دانیشتوان و جۆرەکانی کۆچکردن و هۆکارەکانی لە کۆمەڵگە جیاوازەکان.

٦- پرۆژە و بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان و چۆنیەتی چاککردنی نەوە( تحسين النسل).

**دووەم/ پەیوەندیی دانیشتواننااسی بە زانستەکانیترەوە**

لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەکی و کێشەی سەرەکی و بنەرەتی دانیشتواننااسی خودی دانیشتوانە،و دانیشتواننااسیش بریتییە لە گرووپە مرۆییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، کەواتە ئەمە بابەتێکی نزیکی هەموو زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانە و هەر زانستێکیش لە ڕوانگە و لە چوارچێوەیەی

بابەتەکەی خۆیدا توێژینەوە لەسەر مرۆڤ و گرووپە مرۆییەکان دەکات بۆیە دەبینین لە زانستەکانی کۆمەڵناسی و مێژوو و ئابوری و مرۆڤناسی و رامیاری و زانستە مرۆییەکانی وەک فەلسەفە و هونەر و ئاینیشدا بابەتی مرۆڤ یان گروپی مرۆیی واتا دانیشتوان بە بابەتی بنچینەیی دادەنرێت، بەڵام لەم باسەدا لە پەیوەندییەکانی دانیشتواناسی بە کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و ئامارە وە دەدوێن:-

أ- پەیوەندی دانیشتواناسی بە کۆمەڵناسیەوە:-

کۆمەڵناسی یەکێکە لەو زانستانەی بۆ دۆزینەوەی ئەو یاسا و رێسایانەی لە رێگەیەوە بتوانێت راڤە و شلۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ئەم دیاردانەش ئەگەر لە شێوەی گروپی مرۆیی دابن یان لە شێوەی دامەزراوە و دام و دەزگای کۆمەڵایەتیدا بەشێکن لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا واتە دانیشتوان. بۆیە پەیوەندیەکانیش لە هەندێ خاڵدا دەخەینەروو:-

١) پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لەنێوان ئەم دوو لقە زانستییەدا هەیە و بەرادەیەک تێکەڵن، کە بەشێکی زۆری توێژەران لەو بڕوایەدان کە دانیشتواناسی لقێکە لە لقەکانی کۆمەڵناسی لە هەندێک لە زانکۆکانی جیهانیشدا هەر بەو جۆرە دەخوێندرێت، چونکە هەموو دیاردە دانیشتوانییەکان کە بابەتی سەرەکی دانیشتواناسین لە کۆمەڵناسیشدا توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت وەکو پێکهاتەی دانیشتوان و هاوسەرگیری و جیابوونەوە و قەیرانی نیشتەجێبوون و.....هتد.

٢) لە بواری توێژینەوەدا رووبەرێکی فراوان لە نێوان ئەم دوو لقە زانستیەدا هەیە، چونکە بابەتی هاوبەشیان هەیە بۆ توێژینەوە.

٣) کۆمەڵناسی و دانیشتواناسی کۆمەڵێک چەمکی هاوبەشیان هەیە و بەهەمان مانا بە کاریان دێنن لە نێوان توێژەرانی هەردوو بوارەکەشدا روونن وەکو چەمکی باری کۆمەڵایەتی یان باگراوندی شارستانی یان پێکهاتەی زانستی .....هتد.

٤) لە هەردوو زانستەکەدا بۆ توێژینەوە میتۆدی هاوبەش هەیە تەنیا لە ئەنجامدانیان و لە رووەکاریەکانیاندا جیاوازی بەدی دەکرێت وەکو میتۆدەکانی وەسفی و ئاماری و ڕوپێوی کۆمەڵایەتی.

٥) لە ناو زۆربەی لقەکانی کۆمەڵناسی گشتیدا بۆ توێژینەوە لە دۆزینەوەی هۆکاری گرفتەکانیان پەنا دەبەنەبەر ئەنجامی توێژینەوە دانیشتوانیەکان بۆ نموونە تاوانناسی بۆ روونکردنەوەی هۆکارەکانی تاوان و گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆمەڵایەتی و زانینی ئاستی دەمارگیری

یان پەیڕەوکردنی یاسا یان لادانی و لاساری و .....هتد. تویژینەوە لەسەر پێکهاتە و دابەشبوون و چڕی و قەبارەی دانیشتوان دەکات؛ کە هەموو ئەمانەش بابەتی بنچینەیی دانیشتواناسین، چونکە جۆری تاوانەکان بەپێی هەموو ئەو گۆڕاوانە دەگۆڕێن. هەروەها لە کۆمەڵناسی شارنشینی و لادێ نشینیدا بۆ هەر پرۆژەیەکی پەرەپێدان و گەشەکردن پشت بە چۆنیەتی دابەشبوون و چری و چەندایەتی دانیشتوان دەبەستێت، لە کۆمەڵناسی پیشەسازیشدا کە بابەتەی سەرەکی بریتییە لە کاریگەری بە پیشەسازیکردن لەسەر کۆمەڵگە بواری دەرکەوتنی ئەو کاریگەریەش لەسەر کۆچکردن و ڕێکخستنی خێزان و کەمبوونەوەی قەبارە و پێکهاتەی پیشەیی و هەموو ئەمانەش بابەتی دانیشتواناسین بۆیە بەبێ یەکتری تویژینەوەکانیان پێگەیشتوو(کامل)نابێت.

**ب- پەیوەندی دانیشتواناسی بە مرۆڤناسییەوە:**

بابەتی سەرەکی و کێشەی بنەڕەتی مرۆڤناسی بریتییە لە خودی مرۆڤ لە رووی مێژووی سروشتی و پێکهاتەی بایەلۆژی و کەرەستە کلتووری و شارستانیەکانەوە، مرۆڤناسی ئەم بوارانە بەراورد دەکات چ لەنێوان کۆمەڵە و گرووپە مرۆییەکاندا بێت یان لەناو زیندەوەرەکانیتردا بێت؛ کە لەرووی بایەلۆژیەوە مرۆڤ چۆن پەرەی سەندووە:-

لەم رووەوە مرۆڤناسی تێکەڵ بە دانیشتواناسی و زانستە پراکتیکیەکانی وەکو بایەلۆژیا و کۆئەندامزانیش دەبێت، بۆیە بابەتێکی گرنگی مرۆڤناسی و دانیشتواناسیش چۆنیەتی وەچەخستنەوەیە (لە مرۆڤناسیدا بۆ بەراوردکردنە لەنێوان نەژاد و رەگەز و نەتەوە جیاوازەکاندا بۆ دۆزینەوەی بنەچەی بنەماڵە مرۆییەکان)(لە دانیشتواناسیدا بۆ ئاستی گەشەکردن و گەورەبوونی قەبارەی دانیشتوان بەکەڵک وەرگرتن لە تیۆرەکانی بایەلۆژیا).

بۆ نموونە ئەو تیۆرەی کە دەڵێت (جەستەی ڕەگەزی زیندەوەران و جۆر و ئەرکی ئەندامەکانیان بە بەردەوامی لە گۆڕاندان، لەبەرئەوەی زیندەوەران هەمیشە زۆر دەبن و نەوە و وەچەی نوێ دروست دەکەن، و دەکرێ ئەمانەش پێشکەوتووتر پێگەیشتووتر بن لەباوانیان). ئەم تیۆرە لە بۆچوونەکەی(داروین)ەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەڵێت زیندەوەران هەمان نموونەی خۆیان دووبارە ناکەنەوە و لەو بڕوایە دایە کە مرۆڤ لە تاکخانەوە پەرەی سەندووە،

جگە لە مرۆڤناسی گشتی لە ناو لقەکانیتری مرۆڤناسیشدا چ لەڕووی بابەت و بواری توێژینەوە یان دەرئەنجام و ئاستی پیادەکردنی پێشنیار ڕاسپاردەکانیان تێکەڵاوی و پەیوەندیەکی فراوان لەنێوان ئەم لقانە و دانیشتوانناسیدا هەیە.

بۆ نموونە لە لقی مرۆڤناسی کلتوریدا کە لەسیستەم و جۆری خۆراک و ئەدەب و هونەری گەلان و پەیوەندی بە قەبارەی خێزان و پێکهاتەی رەگەزی و زانستی کۆمەڵگە،و گرنگدان بە منداڵ و جیاوازی نەکردن لەنێوان نێر و مێ دەکۆڵێتەوە و پەیوەندی هەموو ئەمانە بەدانیشتوانەوە، دواتر لە مرۆڤناسی پزیشکیدا کە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو نەخۆشیانە دەدات کە بەپێی رەگەز و نەژاد و کۆمەڵگە و گرووپە مرۆییە جیاوازەکان دەگۆڕێت دواتر چۆنیەتی چارەسەرکردنیان لە هێزی ئەندامانی کۆمەڵگەدا و کاریگەری ئەمانەش لەسەر قەبارەی دانیشتوان و بەرزکردنەوەی رێژەی مردن.

هەروەها مرۆڤناسی پراکتیکی ناتوانێ پرۆژەیەکی گەشەپێدان لە کۆمەڵگەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر ئەگەر زانیاری پێویستی لەبەر بەدەستدا نەبێت لەبارەی چەندایەتی و چۆنایەتی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگەوە.

ج) پەیوەندی دانیشتوانناسی بە ئاماری کۆمەڵایەتییەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئامار پەیوەستە بە رێگاکانی توێژینەوە زانستییەکان کە لە بواری کۆکردنەوە و رێکخستن و پۆلینکردنی زانیارییەکاندا بەکاردێت، بۆیە ئامار تەنیا یەک بواری ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان ناگرێتەوە؛ ئەگەر چی خۆی وەک زانست یان میتۆد یان کەرەستە خۆی هەریەکە و کاملە بەڵام رێگاکانی بەکارهێنانی بەپێی زانستیەکان دەگۆڕێت و لە زانستێکەوە بۆ زانستێکیتر جیاوازە و مانای ئەو زانستەش وەردەگرێت کە لە بوارەکەیدا بەکاردێت وەکو ئاماری پزیشکی، ئاماری پەروەردەیی، ئاماری ئابووری، ئاماری کۆمەڵایەتی و ئاماری دانیشتوانی....هتد.

بۆ نموونە ئاماری کۆمەڵایەتی دوو مانای هەیە:

یەکێکیان ۱)بریتییە لە پراکتیزەکردنی رێگا ئامارییەکان بەسەر بونیادی کۆمەڵایەتییدا. ماناکەی تریش ۲)بریتییە لەو زانیاریە ژمێریارانەی کە توێژەر لەمەیداندا لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کۆیان دەکاتەوە.

- بۆیە لە بارەی پەیوەندی دانیشتوانناسی بە ئامارەوە مەبەستمان ئەم مانایەی ئاماری کۆمەڵایەتییە.
- ئەگەر گرفتی ئامار وەکو زانستیش چۆنیەتی بەکارهێنانی میتۆد و رێبازە زانستیەکان بێت لە کۆکردنەوە و رێکخستن و شیکردنەوەی زانیارییەکان، ئەوا کەرەستە ئامارییەکان دەبنە ئامرازێکی زۆرگرنگی دانیشتوانناسی

له توێژینەوەکانـدا لە زۆربەی قۆناغەکـانی تـوێژینەوەی دانیشـتوانیدا، تـوێژەر سـەرکەوتوو نابێـت ئەگەر شارەزایی لە ئامار نەبێت.

بـۆ نمــوونە/ دەرکردنــی ئەنجــامی کۆتــایی لە دایکبــوون و مــردن و کــۆچکردن و ڕێــژەی خوێنــدەواری بەراوردکردنــی نێـوان جۆرەکــانی پیشــەو ..... هتــد. پێویســتیان بە کەرەســتە ئامارییەکــان و کــار و پرۆســە هزرییەکــانی وەکــو کــۆکردنەوە و لێــدەرکردن و دابەشــکردن و ڕێــژەی ســەدی و ناوەنــدی ژمــارەیی و .... هتــد دەبێــت؛ هەمــوو ئەمــانەش کەرەســتەی ئامــارین بــۆیە لە یەکێــک لە پێناســەکانی دانیشتواناناسـیدا دەڵێــت دانیشتواناناســی بــریتییە لە تــوێژینەوەی زانســتی شــیکاری بەراوردکــاری، لە بەراوردکردنیشــدا ئامــار ڕۆڵــی گرنــگ و کــاریگەری هەیە جــگە لەوەی ئامــار بە مانــای ســەرژمێری گشــتی ســەرچاوەیەکی گرنگــی بەدەســتهێنانی زانیــاری بــۆ تــوێژینەوەی دانیشتواناناســی پێکــدێنێت وەکــو ئەو ئامــارە گشــتییانەی دانیشــتوان کە لە کۆمەڵگەکانــدا بە پێــی نەخشــەیەکی کــاتی دیــاریکراو (خطــة زمینــة معیینــة) یــان ئامــاری لە دایکبــوون لە نەخۆشــخانەکانی منــداڵبوون و ئامــاری مــردن و کــۆچکردن لە دەزگــا پەیوەندیــدارەکانیتردا، دواتــر بــۆ پێشنیارکردنی هەر ڕێگــا چــارەیەکی گونجــاو بــۆ هەر گرفتێکــی دانیشــتوانی بەبــێ هەبــوونی ژمــارە و پــۆلێنکردنی زانیارییەکــان و بەراودکردنیــان نــاکرێ لەلایەن دەســەڵاتەوە هەنگــاوی پراکتیکــی بــۆ بنرێــت و گرفتەکان زانستییانە چارەسەربکرێت.

## بەشی دووەم/ پەرەسەندنی مێژوویی هزری دانیشتواناناسی

### باسی یەکەم/ سەرەتاکانی بیرکردنەوە لە دانیشتوان و گەشەکردنی:

### یەکەم/ بیرکردنەوەی دانیشتوانی لای یۆنانییەکان(لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن)

بیرکــردنەوە لە دیــاردە دانیشــتوانییەکان لەڕووی چەنــدایەتی و چۆنایەتیشــەوە مێژوویەکــی زۆر دوور و درێــژی هەیە؛ لە کەلەپــور و بەرهەمــی نووســراوی مرۆڤایەتیــدا دەبینیــن لە فەلســەفەی کــۆنی یۆنانــدا کە لە ســەدەکانی حەوتەم و شەشــەمی پــێش لە دایکبوونــدا هــزری کــۆمەڵایەتی بەگشــتی لەلای یۆنانیەکــان و ڕۆمانیەکــان بەدەرکەوتــووە بــانگەواز بــۆ دانیشــتوانێکی چەســپاو و نەگــۆڕ کــراوە، پێیــانوابووە کە ئەم دانیشــتوانە نەگــۆڕە لەڕووی چەنــدایەتیەوە مەرجێکــی بنەڕەتــی و ســەرەکییە بــۆ هێشــتنەوەی دەوڵەتە شاری ئەو سەردەمە بە ئارامی و هێمنی.

بــۆ نمــوونە/ لە میتۆلۆژیــای یۆنانــدا مۆمــۆس خــوای گاڵتەجــاریە، کاتێــک زەوی بەهــۆی زۆربــوونی ژمــارەی دانیشــتوانیەوە هەســتی بە قورســایی کــردووە، ئەم مۆمۆســە داوای لە زیــوس کــردووە قریــان تــێ بخــات زیوســیش مرۆڤــایەتی دووچــاری شــەڕێک کــردووە ئــەو ژمــارە زۆرەی کەم کــردۆتەوە؛ بەم شــەڕە

**دەگوترێت شەری (تا) بێگومان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەبووە کە زۆربەی شەڕەکان لە کەناری دەریا و لە نیمچە دوورگەی تاڕادەیەک بچووک و داخراو بوو، بەرهەمهێنان و دابین کردنی خۆراک لە نیمچە دوورگەیەکی وا داخراویشدا تاڕادەیەک دیاریکراو بووە، بۆیە لە ڕووی مێژووییشەوە سەرەتاکانی شەڕ و ناکۆکی و ململانێ لە نێوان دانیشتوانەکەیدا لەسەر زەویە کشتوکاڵییەکان لەم ناوچانەوە ڕوویانداوە و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی نائارامی و تێکچوون بۆتەوە بۆیە لەسەر ئاستی تاکیش هەر زوو گەڕان بەشوێن دادپەوەری کۆمەڵایەتیدا، لێرەشەوە سەری هەڵداوە لە نزیکەی سەدەی نۆیەمی پێش لە دایکبوون،**

**جگە لەمانەش لەڕووی سیاسیەوە سەیری ئیمپراتۆریەتی فارسیان کردووە، کە بەقەبارە گەورە و لە ناوچەیەکی فراوانیشدا بڵاوبۆتەوە و پڕبووە لە گەندەڵی و ستەم، بۆیە بە بەربەری و وەحشیەت ناو زەندیان کردووە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتە شارەکانی ئەو سەردەمەی یۆناندا، فەیلەسوفەکان لەم رونگەوە پێیانوابووە هەر زێدە رۆییەک لە قەبارە و فراوانی دەوڵەت دۆخێکی ناسروشتی و نەخۆشیە، بۆیە دەبینین لە بۆچوونەکانیاندا هەر یەکە و بەشێوەیەک باسی لە کۆمەڵگەی نموونەیی کردووە کە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە دانیشتوانێکی دیاری کراوی هەبێت وەکو بۆچوونەکانی ئەفلاطون و ئەرستۆ لە بارەی کۆمەڵگەی نموونەییەوە.**

**کێ گرنگی بەدانیشتوان داوە لەسەرەتادا ئەو بیرمەندانە کێن؟**

1) **بیری دانیشتوانی لای __ئەفلاتون__ (٤٢٧ – ٣٤٧)پ.لە دایکبوون ژیاوە. گرفتی مەعریفی سەرەکی لای ئەفلاطون بریتی بووە لەوەی چۆن کۆمەڵگەکەی لەو ئالۆزی و نائارامی وپشێویە رزگاری بکات کە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی یۆنانی دەبۆوە، بۆیە وێناکردنی ئەو بۆشار ئەو وێنە شارەیە نەبوو کە لە واقعدا لە یۆنان هەبووە، بەڵکو وێناکردنێکی خەیاڵی و شاری نموونەیی بووە کەتاکەکانی بەپێی خواست و ویستی سەرکردەکان جوڵە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان کردووە؛ واتە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بەگشتی نەک هەر دانیشتوانی هەر لە سەردەمی ئەفلاطونەوە بەدوای هۆکارەکانی تێکچوون و هەڵوەشانەوەی شیرازەی رێکخستنی کۆمەڵگەدا گەڕاوە نەک بەمەبەستی خستنەڕوو بەڵکو بەمبەستی چارەسەرکردنیش.**

**ئەفلاطون لە کۆمارەکەیدا نووسیویەتی پێویستە دادوەر و قازییەکان چۆنیەتی پرۆسەی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزان و رێک بخەن، ئەرکی دەوڵەتە لەڕووی چەندایەتییەوە پارێزگاری لە قەبارەی دانیشتوان بکات. بە بۆچوونی ئەفلاطون پێویست بوو لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە بگەڕێتەوە سەر سیستەمی ئەرستۆکراتی سەربازی کۆنی ئەسینایی و لە بارەی ژمارەی دانیشتوانیشەوە ژمارەی هەر شارێک (٥٠٤٠) کەس بێت شار بەسەر**

(١٢) گەرەكدا دابەش بكرێت و ژمارەی دانیشتوانی هەر گەرەكێكیش (٤٢٠) كەس بێت ئەگەر لەم ژمارەیە زۆرتر بوو دەبێت دەوڵەت سنورێک بۆ هاوسەرگیری ومنداڵبوون دابنێت و كۆچكردن بۆ شار ڕابگرێت؛ بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لەم ژمارەیەک كەمتر بوو پێویستە كار ئاسانی بۆ لاوان بكات بۆ هاوسەرگیری و هانی وەچەخستنەوە بدات و ناسنامە بە پەنابەران بدات ئەگەر لەم بابەتانە وورد ببینەوە دەبینین تا ئێستاش لە بابەتە سەرەكیەكانی دانیشتوان و دانیشتواناسیشن كە وەكو بابەتێک لەم زانستەدا توێژینەوەی لەسەر دەكرێت.

لەڕووی چۆنایەتیشەوە گرنگترین تیۆرەكانی ئەفلاتون بریتییە لە تیۆری (پێگەیاندنی كۆمەلایەتی منداڵان) كە بەشێكە لەلایەنی چۆنایەتی دانیشتوان. لەم بارەوە پێیوایە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا باشترین تەمەن بۆ كچان كە مێرد بكەن لە نێوان تەمەنی (٢٠-٤٠)ساڵیە و بۆ پیاوانیش لە تەمەنی (٣٥ – ٥٥) ساڵیە، بۆ پەروەردەكردنیش لە چینەكانی خوارەوەی كۆمەڵگەدا پێویستە شێوە ژیانی كۆمۆنەیی هەبێت، كۆمەلایەتییانە پەروەردە بكرێت و منداڵانیان بیر لە هیچ بەرژەوەندیەكی تایبەتی نەكەنەوە و خێزان و باوانی خۆیان نەناسنەوە و خەمی گەورەیان گرفتی كۆمەڵگەكەیان بێت، ئەمەش بەوە دەكرێت هەر لەسەرەتاوە هەموو ئەو دانیشتوانەی تەمەنیان لە (دە)(١٠)ساڵان زیاترە بۆ دەرەوەی شار دوور بخرێتەوە، لە شاردا تەنیا ئەو بەشەی دانیشتوان بمێننەوە كە تەمەنیان لە(دە)(١٠)ساڵان كەمترە، هەتا فێری خووڕەوشت و داب و نەریتی باوانیان نەبن.

لەماوەی(دە) (١٠) ساڵی یەكەمدا ئەم منداڵانە جگە لەهونەری گفتوگۆ و بابەتی وەرزشی مەشق ڕاهێنانی جەستەییان پێ بكرێت، چونكە تەنیا لە جەستەیەكی تەندروستدا ئەقلێكی تەندروست پەیدا دەبێت دواتر كوڕان و كچان پێكەوە فێری زانست بكرێن و جیاوازی نەكرێت لە نێوانیاندا وەكو زانستەكانی مۆسیقا كەمانای هەماهەنگی و هاوئاهەنگییە و هەروەها وەكو زانستەكانی مێژوو و بیركاری و ئایین بگرێتەوە؛ پێویستە ئەم منداڵانە بەجۆرێک فێری ژیانی هاوبەشی بكرێن هەموو وا بزانن كەمناڵی یەک خێزانن و ئەو خێزانەش دەوڵەتە.

٢) هزری دانیشتوانی لای <u>ئەرستۆ</u> ٣٨٤ – ٣٢٤ پ.ز

بەلای ئەرستۆوە دەوڵەتی نموونەیی ئەو دەوڵەتەیە كە ژمارەی دانیشتوانی گونجاوی هەیە لەگەڵ ڕووبەرەكەی، و خێزان ڕۆڵی سەرەكی لەپێگەیاندنی نەوەكانیدا دەبینێت،بە پێچەوانەی ئەفلاطون بۆ چۆنایەتی دانیشتوان؛ بڕوای بە پەروەردەیی خێزان هەبووە، بەلای ئەرستۆوە تاک یەكەی بنچینەیی پێكهاتەی كۆمەڵگە نیە بەڵكو خێزان بناغەی كۆمەڵگەیە چونكە تاک بە سروشت ئاژەڵێكی مەدەنیە.

لە بارەی چۆنایەتی دانیشتوانەوە پێیوابووە كە خێزانی ئاسایی بریتییە لە ژن و مێرد و مناڵەكانیان و كۆیلەكانیان، بەپێویستی زانیوە پیاو سەركردایەتی خێزان بكات، چونكە بەلای ئەوەوە پیاو خاوەنی ئەقلی تەواو

و وردبینــی و باشــترین بۆچــوونە، لە ڕووی چەندایەتیشــەوە هەر وڵاتێــک ئەگەر لەقەبــارەی خــۆی دەرچــوو خەسلەتەکانی دەوڵەت لە دەست دەدات و توانـای خـود بژێـوی نابێت، و ئەمـن و ئاسایشـی کـۆمەڵگەش لە ژێـر کاریگەری دوو هۆکاردا تێک دەچن کە بریتیین:

١) لە زۆربوونی گرووپێک لە شاردا لەبەرامبەر کەم بوونەوەی گرووپێکی مرۆیی تردا.

٢) هۆکارەکەی تریش کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانە لەناکاودا بەهەر هۆیەکەوە بێت، بۆیە زۆر بە پێویستی زانیوە دەستورێک هەبێت لە شێوەی یاسا و ڕێسایەک دانیشتوان پابەندبن بۆ ڕێکخستنی دانیشتوان، بەڵام ئەو دەستورە وەکو بیروباوەرەکی نەمێنێتەوە بە پێێ پێویستی و گۆرانکارییەکانی سەردەم گۆرانکاریان تێدا بکرێت و ڕەچاوی کەمبوونەوە یان زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی تێدا بکرێت بە پێی پێداویستییەکان، بۆیە لەم پێناوەدا چەند ڕێوشوێن و میکانزمێکی گرتۆتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆرانکاریانە.

**کۆنترۆڵکردنی دانیشتوان و کۆمەڵگا لەڕوانگەی ئەرستۆ:**

بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆرانکاریانە یان بەرزەفت کردنی ئەمن و ئاسایشی کۆمەڵگە ئەرستۆ پێی وابووە:-

١) لەبارىردنی منداڵ پێش لە دایکبوونی بۆ کەم کردنەوەی ئەو مەترسیانەی لە زۆربوونی دانیشتوان دەکەونەوە.

٢) لەناوبردنی یان دوورخستنەوەی ئەوانەی کە لەڕووی جەستەیی یان ئەقلیەوە کەم وکورتییان هەیە، ئەمەیان لە ڕووی چۆنایەتییەوە بۆ کەمکردنەوەی بارگرانییەکانی سەر کۆمەڵگەن لە دابینکردنی خۆراک و پێداویستییەکانیان؛ کە ئێستاش لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بەناوی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی یان وەکو سندوقێکی چاودێری خێزان دەدرێتە ئەو توێژەی دانیشتوان کە توانای خود بژێوی و بەرهەمهێنانیان نیە.

٣) قەدەغەکردنی ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەسەرووی (٥٥)ساڵ، چونکە بەبۆچوونی ئەو ئەمە بریتییە لە پرۆسەیەکی ناتەندورست لە ئەنجامیشدا دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی نەوەیەکی ناتەندروست و بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەو گرووپە دانیشتوانییەی کە پێیان دەڵێن خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان.

٤) لەڕووی چەندایەتییەوە ئەرستۆ دانیشتوانی شارەکانی بە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار کەس دیاری کردووە و پێیوابووە دەوڵەتە شاری ئەو قۆناغە لە توانای دایە ژیانێکی ئاسایی بۆ ئەو ژمارە دیاریکراوە دابین بکات.

**دووەم/ بابەتی دانیشتوانی لە ڕۆژهەڵات:**

بە پێچەوانەوە لە هزری ڕۆژهەڵاتـدا بەگشتی واتـا لە (چـین و هنـد و ئێـران و میسـری کـۆن و گەڵانـی میسۆپۆتامیا (وڵاتـی نێـوان دوو ڕووبـار) بەهـۆی:- (فراوانـی و بە پیتـی خـاک)، (پێویسـتی زۆر بەدەسـتی کـار) و (کاری کشتۆکاڵی و ئاژەڵداری) هەر لە کۆنەوە جگە لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە لە ئەنجامی ژێرخـانێکی لەو چەشنەدا دروست دەبێت هەموو ئەمانە هاندەر بوون بۆ زۆربوونی دانیشتوان و زوو پێکەوە نانی خێزان و گرنگیـدان

**بە ڕەگەزی نێر بەهۆی ڕۆڵ و کاریگەری لە ژیانی کۆمەڵایەتی گەلانی ناوچەکەدا بەگشتی، بۆیە دەبینین لە دەقە ئایینی و پەند و ئەفسانە و بەرهەمی هزریاندا جەخت لەسەر ئەو هاوسەرگیری و زۆری منداڵ و کوڕ و نەترسان لە زۆری دانیشتوان دەکرێتەوە بۆ نموونە:**

**(لەسەردەمی سۆمەریەکاندا دیاردەی فرەژنی باو بووە، لە شەریعەتی عامورابیشدا کە مێژووەکەیان بۆ نزیکەی(١٨٠٠)ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە ڕێگەدان بەفرەژنی تێداهاتووە بەتایبەت لەکاتی منداڵ نەبوون و نەخۆشی ئافرەت و یان ئەنجامدانی کارێک لەلایەن ژنەکەوە کە ببێتەهۆی دابەزینی پێگەی کۆمەڵایەتی پیاوەکە، لە دەقەکاندا ناوی ژنی دووەم بە (شەقتوم) هاتووە جگە لەوەی بۆ هەر پیاوێک هەبووە چەندین کەنیز لە ماڵەکەیدا هەبێت و لە هەندێ باردا کەنیز توانیبێتی بگاتە پێگەی ژنی شەرعی کە هەموو ئەمانەش بەهۆکارێکی بنچینەیی دادەنرێت بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان کە ئێستاش بابەتێکی سەرەکی دانیشتواناسییە.**

**لە هزری هند و چین و گەلانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ئێران) تارادەیەک نزیک لە جیهان بینی و تێروانینی گەلانی میسۆپۆتامیا و مسیری کۆن هاندانێک بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بەیەک چاو سەیرنەکردنی پێکهاتەی ڕەگەزی و کۆمەڵایەتی دانیشتوان بەدی دەکرێت،بەلایەنی کەمەوە دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی نەبەستراوەتەوە بەدیاری کردنی ژمارەی دانیشتوانەوە بەڵکو یەکێک لەمەرجەکانی بەدیهێنانی ئەو کۆمەڵگەیە تایبەت کراوە بە بوونی هەندێک خەسلەت و تایبەتمەندی فتری وەک لای فارابی و ابن خلدون و ابن سینا و ئەوانی تر.**

- **یان لەرووی چەندایەتییەوە لە جیهانبینی ئایینی گەلانی ئەم ناوچەیەدا هاندانێک بۆ زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و پاراستنی هێڵی ڕەچەڵەکی بنەماڵەیی بەدی دەکرێت، بۆ نموونە: لە تێروانینی یابانیەکاندا خوای(ئیزاناجی) (٤٢٢٤)کوری هەبووە، چونکە بە خەملاندنی ئەو سەردەمە ئەوان هەمان ژمارەی دورگە و ناوچە جیاوازییەکانی ئەو کاتە بووە هەتا هەر دوورگەیەک لەلایەن کورێکیەوە ئاوەدان بکرێتەوە.**
- **هەروەها لەرووی چۆنایەتییەوە نەک هەر جیاوازی لە پێکهاتەی ڕەگەزی (نێر و مێ) دانیشتوان، بەڵکو جیاوازی و ڕیزبەندی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیشدا لە هزری گەلانی ناوچەکەدا هەیە بۆنمونە لە بیروباوەڕی هندیدا ئەگەرچی مرۆڤەکان هەموویان لە (مانۆ)وە دروستبوون بەڵام جیاوازیەکی زۆریشیان لەنێواندا هەیە وەکو ئەوانەی لە کەللەی سەری دروست بوون(پیاوانی ئایینی و چینی بالای کۆمەڵگەن) ئەوانەی لە قۆڵی دروستبوون (پاشا و جەنگاوەرانن)، ئەوانەشی لەلاقی دروست بوون (کاسبکار و بازرگانن)، بەڵام ئەوانەی لەپێی دروستبوون چینی خوارەوەی کۆمەڵگە و هیچ کارێکیان نیە لە خزمەتکردنی سێ چینەکەیتر بێگومان ئەم دابەشکردنەش لە کۆتاییدا ڕەنگدانەوەی دانیشتوانی و کۆمەڵایەتی و سیاسیشی دەبێت.**

**باسی دووەم/ سەرەتاکانی بیرکردنەوە لە دانیشتواناسی وەک لقێکی سەربەخۆ**

**سەرەتاکانی بیرکردنەوە لە زانستێک بۆ توێژینەوە لەلایەنە ئاڵوز و جیاوازییەکانی دانیشتوان دەگەرێتەوە بۆ ئەو پەرەسەندنە زانستی و بابەتی و میتۆدیانەی لە بوارەکانی(ئابوری و سیاسی و فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا) بەگشتی سەریانهەڵدا، چونکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بونەهۆی توێژینەوە لە بابەتەکانی دانیشتوان لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە رۆژئاوا و بە دەرکەوتنی توێژینەوە لە دیاردەکان بەمەبەستی قازانج، بابەتە دانیشتوانییەکان بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە زۆربوون و کەمبوون و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتوانەوە هەیە؛ بوون بە بابەتێکی گرنگی ئەم جۆرە توێژینەوانە، بۆیە بیرکردنەوە لە دانیشتوان لە قۆناغی سەرەتایی و پەرش و بڵاویەوە گواستەوە بۆ قۆناغێکی زانستی و پشت بەستان بە سەرچاوەکانی زانیارییە دانشتوانییەکان کە لەو قۆناغەدا کەنیسە بە یەکەم سەرچاوەی ئەو جۆرە زانیارییە دادەنرا، لەم قۆناغەدا نووسەرێک بەناوی(جۆن گرۆنت)( John Graunt) (١٦٦٢) لە بەریتانیا توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی(چەند سەرەنجێک لەسەر لیستی مردووان) نووسی، بە نووسینی ئەم توێژینەوەش توانی نازناوی دامەزرێنەری دانیشتواناسی بەدەست بێنێ، چونکە ئەو بابەتانەی لەم توێژینەوەیەدا قسەی لەسەر کردبوو یان ئەو سەرچاوانەی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پشتی پێ بەستبوو یان ئەو میتۆدەی بۆ پۆلێن کردن و شیکردنەوەی زانیاریەکانی بە کاری هێنابوو هەمان ئەو بابەت و سەرچاوەی زانیاری و میتۆدەیە کە تا ئێستاش ئەم زانستە لە توێژینەوەکانیدا بەکاری دێنێ. (<u>کەواتە جۆن گرۆنت ئەو سەرچاوانەی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پشتی پێ بەستبوو لەگەڵ ئەو میتۆدەی بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان</u>) ئەمانەن:**

**١- پشتی بە تۆمارەکانی(تعمید)(*) بەستووە بۆ دیاریکردنی رێژەی لەدایکبووان بەپێی هەرێمە جیاوازەکانی شار و لادێ.**

**٢- پشتی بە تۆمارەکانی رێگەدان بەناشتن بەستوە بۆ زانینی رێژەی زۆربوون یان کەمبوونەوەی دانیشتوان، کە ئێستا لە دانیشتواناسیدا بەم جۆرە لێکدانەوەی دەگوترێت توێژینەوە لەسەر زۆربوونی سروشتی دانیشتوان.**

**٣- بەراوردی لیستی مردوان و لیستی تعمید کردووە بەپێی جیاوازی ژینگەیی ئەمەش بۆ بەراوردکردنی ئاستە جیاوازەکانی گەشەکردنی دانیشتوان.**

**٤- بەراوردی جیاوازی رەگەزی کردووە لە لیستی مردواندا چ بەپێی هۆکاری مردن یان شوێنی مردن.**

**٥- گۆڕاوی تەمەنی بەراورد کردووە بە ئاراستەکانی کۆچکردن و هێزی بەرهەمهێنان.**

**٦- لە کۆتاییدا وەکو توێژینەوەیەکی زانستی بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە لەوانە:**

**أ- ئاراستەیەکی کۆچکردنی فراوان لە لادێوە بۆ شار هەیە.**

**ب- ئەوانەی کۆچیان کردووە لە تەمەنی کارکردن و بەشێکن لە هێزی کار و ئاستی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لەلادێدا بەرزترە بە بەراورد لە شار کە ئێستاش ئەمانە بابەتی سەرەکی دانیشتواناسین.**

---

(*)ئەو منداڵانەی لە کەنیسە دەشورێن (واتا شوشتنی منداڵی بچوك لە کەنیسە، ئەمەش نەریتی مەسیحییەکانە)

## بەشی سێیەم/ دیاردە دانیشتوانییەکان

**یەکەم/ قەبارەی دانیشتوان**

**پ/ مەبەست لە قەبارەی دانیشتوان چییە؟**

- **قەبارەی دانیشتوان:**

**مەبەست لە قەبارەی دانیشتوان سەرجەم تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا دەگرێتەوە، قەبارە لایەنی چەندایەتی دانیشتوانە بێ ڕەچاوکردنی لایەنی پێکهاتە لەڕووی تەمەن و ڕەگەز و ئاستی زانیاری وردەکانیتری پەیوەست بە چۆنایەتی دانیشتوانەوە. لە دانیشتواناسیدا دەربارەی قەبارە سێ چەمکی باو هەیە بەزۆری بەکاردێت ئەوانەش بریتین لە چەمکەکانی:**

۱) **زۆربوونی دانیشتوان: کە بە بەراورد لەگەڵ هەندێک بنەمای ئابووری توانای سوود وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتیەکان کە دەبێتەهۆی هەڵاوسانی دانیشتوان. وەک هند و چین.**

۲) **کەمبوونەوەی دانیشتوان: بە بەراورد لەگەڵ ڕووبەر و دەوڵەمەندی خاک و هەبوونی سەرچاوەی گرنگدا دەبێتەهۆی چاوتێبڕین و داگیرکردن و نائارامی لە دەوروبەرەکەیدا.**

۳) **قەبارەی نموونەیی دانیشتوان: بە مانایی هەبوونی ژمارەیەکی دانیشتوانی نموونەیی گونجاو کە بتوانێت بە باشی کار بکات و بژێێت و پەرە بەتوانا مرۆیی و ژیانی کۆمەڵگەکە بدات لەسەر ئەو ڕووبەرەدا واتا پێوانەی ئەم چەمکە بنەمایەکی ئابووری هەیە.**

**بۆ زانینی زۆربوون یان کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتوان ڕێگەی زانستی وردەکاری؛ توێژینەوەی ئاماری زۆر هەیە یەکێک لەو ڕێگەیانە هەژمارکردنی تێکرای زۆربوونی سروشتییە کە بەهەژمارکردنی تێکرای مردن و لەدایکبوون دەردەکرێت بەپێی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:**

- **تێکرای لە دایکبوون =** $\frac{\text{کۆی لە دایکبوونەکان لە ساڵ و شوێنێکی دیاری کراودا}}{\text{کۆی ژمارەی دانیشتوان لەهەمان شوێن و لە نیوەی هەمان ساڵدا}} \times ١٠٠٠$

**- تێکرای لە دایکبوون دەردەچێت بۆ هەر ١٠٠٠ کەس زیادی کردووە**

- **تێکرای مردن =** $\frac{\text{کۆی مردنەکان لە شوێن و ساڵێکی دیاریکراو}}{\text{کۆی ژمارەی دانیشتوان لەهەمان شوێن و لە نیوەی هەمان ساڵدا}} \times ١٠٠٠$

**- تێکرای مردن دەردەچێت**

- **تێکرای لە دایکبوون - تێکرای مردن = ∓س ئەنجامێک دەردەچێت تێکرای گەشەکردنی دانیشتوان ئەگەر بەسالب دەرچوو کەواتە کەمی کردووە، ئەگەر بە مووجەب بوو ئەوا زیادی کردووە.**

**چەندایەتی ژمارەی زۆربوون یان کەمبوونەوەی دانیشتوان ( ) = ∓س ×** $\frac{\text{کۆی ژمارەی دانیشتوان}}{١٠٠٠}$

**بۆ نموونە: ئەگەر ژمارەی دانیشتوان هەرێمی کوردستان لە نێوەی ساڵی(٢٠٠٨) دا (٥.٦٧٢.٥١٤)کەس بیت لەو ساڵەدا ١٦٢.٤١٦ مندال لە دایکبوویێت و ٥٤.٣١٢ کەسیش مردبێت.**

**ئایا تێکرای گەشەکردنی دانیشتوان و چەندایەتی گۆڕان لە دانیشتوانییەکان لە هەرێمی کوردستان چەندە؟**

- **شیکار/ تێکرای لەدایکبوون = (کۆی لەدایک بوون لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی٢٠٠٨) / (کۆی لە ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان لەنیوەی ساڵی٢٠٠٨) × ١٠٠٠**

**تێکرای لەدایکبوون = ١٦٢.٤١٦ / ٥،٦٧٢.٥١٤ × ١٠٠٠= ٢٨.٦٣ تێکرای لە دایکبوون بۆ هەر ١٠٠٠ کەس زیادی کردووە**

- **شیکار / تێکرای مردن = (کۆی مردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی٢٠٠٨) / (کۆی لە ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان لەنیوەی ساڵی٢٠٠٨) × ١٠٠٠**

**تێکرای مردن = ٥٤،٣١٢ / ٥،٦٧٢.٥١٤ × ١٠٠٠= ٩،٥**

**تێکرای لە دایکبوون – تێکرای مردن= ∓س**

**٢٨،٦٣- ٩.٥ = ١٩.١ لە هەر ١٠٠ تێکرای گەشەکردن هەرێمی کوردستان زیادیکردووە.**

**(کۆی ژمارەی دانیشتوان) / ١٠٠٠ × ١٩.١**

**٥.٦٧٢.٥١٤ / ١٠٠٠ × ١٩.١ = ١٠٨٣٤٥ کەس لە کوردستان زیادی کردووە**

- **رەنگدانەوەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان:**

**یەکێک لەو چەمکانەی لە دانیشتواناسیدا و لە بارەی قەبارەی دانیشتوانەوە زۆر بەکاردێ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانە؛ بەتایبەت لە کایە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ئەوەی پەیوەستە بە سیاسەت و ئاسایشی نەتەوەیی کۆمەڵگەکانەوە لەبەر ئەوەی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان ڕەنگدانەوەی قوڵی دەبێت لەسەر تەواوی بونیادو ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.**

بۆنموونه/ لەکۆمەڵناسیدا بەگشتی زۆربەی زانایان توێژینەوەیان لەسەر هەوێنی پرۆسە مێژووییەکان کردووە واتا قسەیان لەسەر ئەوە کردووە بزوێنەری کۆمەڵگە چییە؟ بەلای هەر یەکێکیانەوە هۆکارێکی دیاریکراو بنچینە و مایەی گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵگە بووە.
بەلای (دورکهایم)ەوە هۆکاری بەرپرس لە بڕینی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و گەورە بوونی قەبارەیە، بەلای ئەمەوە هۆکارەکانی گۆڕان و کۆمەڵگەیەکی میکانیکی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئەندامی یان ئاوێتە دەکەوێتە سەر ڕادەکانی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بە بەراورد لەگەڵ ڕووبەری خاک و چەندایەتی سەرچاوەی سامانە سروشتیەکان، هەر زۆربونێکی دانیشتوان ئەگەر لەبەرامبەردا بڕی داهاتی نەتەوەیی و بەرهەمهێنانی خۆراک و کاڵا پێویستەکانیش بەرز نەبنەوە دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خواست لەسەر هەموو ئەمانە و خزمەتگوزاریەکان بەگشتی؛ بەخێرایی زۆربوونی دانیشتواندا ڕاناگەن

بۆخێراکردنی گەشەپێدانی ئابووری پێویستی بەگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕی و دابەشکردنی کار هەیە، تەواوی ئەم بۆچوونەی دورکهایم کە قسەکردنە لەسەر چۆنایەتی دانیشتوان وەک بەرئەنجامی چەندایەتی لە بۆچوونەکەی مارکسەوە کە دەڵێت (هیچ دیاردەیەکی ئابووری نیە لەهەمانکاتدا بۆ هەمیشەش هەر وایە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەبێت هەروەها بوونی جۆرێکی ئابووری تایبەت پێشوەختە مەرجی هەبوونی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دادەنێت)
بۆیە دەبینین (دورکهایم) لە ڕوانگەی گرنگی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەوە دەڵێت پسپۆڕی و دابەشبوونی کاری لێ دەکەوێتەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە میکانیکیەوە دەگۆڕێن بە ئەندامی، بەمەش کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە دەگۆڕێت بۆ قۆناغێکی تر کە تیایدا سیما و خەسلەتەکانیان لە زۆر ڕووەوە لە یەکتر جیاواز دەبن.

هەروەها زانای ئەلمانی(فردیناند تونیز) ١٨٥٥- ١٩٣٦ پێیوایە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان هۆکاری بنچینەیی گۆڕانی ئیرادەی کۆمەڵگەیە لەسۆزدارییەوە بۆ ئەقلانی. مەبەست لە ئیرادەش پاڵنەرەکانی ڕەفتارن لای تاک، لە کۆمەڵگە ژمارە کەمەکاندا تاک لەژێر کاریگەری سۆز و غەریزە و سروشتدا رەفتار دەکات بەزۆربوونی ژمارەی دانیشتوان رەفتاری تاکەکان دەکەوێنە ژێر کاریگەری ئەقل و لۆژیک و درک پێکردنەوە.

بە کورتی لە دانیشتواننناسیدا بۆ بابەتێکی وا گرنگی ڕەنگدانەوەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لەسەر بونیادی کۆمەڵگەی ژیانی کۆمەڵایەتی؛ تیروانینی فرە لایەنی بۆ کراوە لەلایەک توێژینەوە لەسەر بەرئەنجام و ئاسەوارەکانی ئەو گرفتانەی لە گەورەبوونی قەبارە دەکەونەوە ئەنجام دراوە و لەلایەکی تریش لە هۆکارەکانی زۆربوونی دانیشتوان و ئاستەنگەکانی کراوە کەگرنگترین هۆکارەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر قەبارەی دانیشتوان هەیە بریتین لە :-**

**أ- بەپیتی (خصوبة )**

**ب- مردن(الوفيات)**

**ت- لە دایکبوون (ولادة )**

**ث- کۆچکردن (هجرة )**

**أ- بەپیتی :خصوبة :**

**لەرووی زاراوەییەوە بەپیتی لە زانستەکانی جوگرافیا و زەویناسی و کشتوکاڵیەوە هاتۆتە ناو زانستی کۆمەڵناسی و دانیشتوانناسیەوە. گوزارشت لە توانا مرۆییەکان دەکات بۆ وەچەخستنەوە، بەپیتی مرۆیی بەوە پێناسە دەکرێت کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بەرپرسە لە بەردەوامی ژیانداری کۆمەڵگە، بەمەش بەشێکی بنچینەیی پێکدێنێت لە تویژینەوە دانیشتوانییەکاندا، مەبەست لە بەپیتی توانای کردەیی مرۆڤەکانە بۆ وەچەخستنەوە لەرووی بایەلۆژی و ئەندامزانییەوە ئەگەر زەمینە پێویستیەکانیتری بۆ بڕەخسێت ئەمەش بە ژمارەی لەدایکبووە زیندووەکان گوزارشتی لێ دەکرێت.**

**زۆربەی ئەوانەی لەبواری تویژینەوە دانیشتوانییەکاندا کاری تویژینەوە دەکەن چەمکی بەپیتی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێنن واتە بە پێچەوانەی نەزۆکی دەگەیەنێت، بەپێی سەرچاوە ئامارییەکان هەمیشە بەپیتی بە پێوانەی رەگەزی مێ دەپیورێت نەک ڕەگەزی نێر، ئەگەرچی هەردوو ڕەگەزەکەش لەم پرۆسەیەدا رۆڵی بنچینەیی و سەرەکی دەبینن، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک جیاوازی جەستەیی و پێکهاتەیی لە ئافرەتدا پێوانەی وەچەخستنەوە بە توانا و ئامادە باشییەکانی ئافرەتەوە گرێدراوە، قسەکردن لەسەر ووردەکارییەکانی ئەم جیاوازیانە دەمان باتەوە ناو زانستی زیندەوەرزانی و پزیشکی و توێکاری بەراوردکاری بەکورتی (بەپیتی ئاماژەیە بۆ دووبارە لە دایک بوونەکانی ماوەیەکی دیاریکراو کە لەئافرەتاندا لەنێوان ١٥-٤٥ ساڵیە کە توانیای منداڵبونیان هەیە).**

**بۆ نموونە:**

**ئەگەر بلێین ١٠٠٠ ئافرەت لە کۆمەڵگەیەکدا گەیشتونەتە قۆناغی لە منداڵبوون چوونەوە بەڵام بەو ١٠٠٠ ئافرەتە ٣٥٠٠ منالیان هێنا بێت ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناوەندی بەپیتی ٣.٥ منداڵە بۆ هەر ئافرەتێک.**

**<u>ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر بەپیتی هەیە وەک هۆکارێک لەسەر قەبارەی دانیشتوان:</u>**

**بەپیتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری شارستانی و کۆمەڵایەتییەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین کە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**١- جیاوازی ژینگەیی:**

**واتا جیاوازی لەنێوان لادێ و شار نەک هەر لە ڕووی بەپیتییەوە بەڵکو لە دیاردە دانیشتوانی و توێژینەوە دانیشتوانیەکاندا بە گشتی بۆ دیاریکردنی خەسڵەتەکانی دانیشتوان، بابەتی جیاوازی ژینگەیی واتا ئەو جیاوازیانەی لەنێوان دانیشتوانی لادێ و شارەکاندا هەیە بە جیاوازیەکانی ئاستی سێیەم یان پلە سێ دادەنرێت لەدوای جیاوازی تەمەنی و جیاوازی ڕەگەزی بۆیە پێویستە توێژەری کۆمەلایەتی هەر لە سەرەتای توێژینەوە دانیشتوانیەکاندا گرنگی ئەم جیاوازیانەی لەبەرچاو بێت، لەهەموو کایەکانی (بوارەکانی) ژیانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیدا لەبارەی کاریگەی ئەم جیاوازیانە لەسەر بەپیتی لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی ڕەهەندێکی فراوان لەنێوان لادێ و شاردا هەیە و جیاوازیەکان ڕونن جیاوازی لە بەپیتیشدا بە ڕوونی بەدەردەکەوێت.**

**بۆ نموونە هەتا لە کۆمەڵگە پیشەسازیە پێشکەوتووەکانیشدا بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر کۆمەڵگە پیشەسازیەکانی ئەوروپا ئەنجام دراون تا ماوەیەکی نزیکی پێش شەڕی دووەمی جیهانی ١٩٣٩ – ١٩٤٥ لەڕووی بە پیتیەوە جیاوازی لەنێوان شار و لادێدا ڕوون بووە، بەڵام دوای نەمانی جەنگ و ئارام بوونەوەی کۆمەڵگەکانیان بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا ئەم جیاوازیانە کەمبونەتەوە لە بەرامبەردا لە ئەوروپای ڕۆژهەلات و ڕوسیا و یابان جیاوازی نێوان لادێ و شار لەڕووی بەپیتی و وەچە خستنەوە بەرزتر بۆتەوە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سروشتی قۆناغی پەرینەوەی ئەم کۆمەڵگایانەی لە شێوازێکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی پێشکەوتووتر. لە یابان لە ساڵی ١٩٦٠دا جیاوازی لەنێوان لادێ و شاردا (٢٠%) بووە.**

**٢- جیاوازی بەپیتی بەپێی جەنجاڵی و قەرەباڵغی شارەکان:**

**پەیوەندی نێوان زۆری ژمارەی دانیشتووانی شوێنی نیشتەجێبوون و بەپیتی ئافرەتەکانی پەیوەندیەکی پێچەوانەیە واتا بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان بەپیتی گشتی دادەبەزێت.**

**بۆ نموونە:- بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەمریکا کراون بۆ هەر ١٠٠٠ ئافرەتێک کە تەمەنیان لەنێوان ١٥ تا ٤٥ ساڵیدایە لەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان (٣) ملیۆن کەسە لەو تەمەنەدا ١٨٢٠ هەزار و هەشت سەد و بیست مناڵیان هێناوە، لەو شارانەش کە ژمارەی دانیشتووانیان ٢٥٠،٠٠٠ لە چارەکە ملیۆنێک کەمترە ٢١٢٨ دوو هەزار و سەد و بیست و هەشت مناڵیان هێناوە.**

٣- جیاوازی بەپیتی و ئاستی زانستی و خوێندەواری:

ئەم بوارە کاریگەرییەکی زۆری هەیە بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی ئاستی بەپیتی و ڕێژەی لەدایکبوونیان بەرزە لە هەندێک لەو سەرژمێریانەی لە (میسر و بەرازیل و مالیزیا و ،.... هتد) کراون دەریانخستووە کە پەیوەندی بەپیتی بە ئاستی خوێندەواری و زانستیەوە پەیوەندییەکی پێچەوانەیە؟

و/ چونکە لەو کۆمەڵگایانەدا بە لایەنی کەمەوە سێ هۆکاری تر وەکو هۆکاری لاوەکی پەیوەستن بە ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریەوە لەوانەش (تەمەنی مێردکردن و دیاریکردنی ژمارەی منداڵ و فرەژنی) کە هەموو ئەمانەش پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ ئاستی زانستی و کۆمەڵگاوە.

لەم بارەوە ئاستی زانستی دایک زیاتر کاریگەری هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئاستی زانستی باوک ئەوەی جێگەی سەرنجە زانایەک بەناوی (کایزەر) تویژینەوەیەکی لە ئەمریکا کردووە، بەپیتی ئافرەتەکانی ئاستی زانستی باڵا بەرزترە لە ئافرەتەکانی ئاستێکی ناوەند؛ ئەم دیاردەیەش لە هەندێک کۆمەڵگەی وەکو (سوید، هۆڵەندا، بەریتانیا) بە ڕوونی دیارە.

٤- شوێن و جۆری نیشتەجێبوون.

٥- پیادەکردنی بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان.

٦- جیاوازی چینایەتی.

٧- پیشە و جۆری کارکردن.

٨- بە پیشەسازی کردن و دەرچوونی ئافرەت.

لە کۆتاییدا بەپیتی بە یەکێک لە ئاڵۆزترین پرۆسە دیموگرافییەکان و دانیشتووانییەکان لە قەلەم دەدرێت؛ نەک هەر لەبارەی هۆکار و فاکتەرە کاریگەرییەکانی سەریەوەیان بەڵکو لەبارەی ڕێگاکانی هەژمارکردن و ئاسەوارەکانی ئەمیشەوە بەسەر قەبارەی دانیشتوانەوە.

یەکێک لەو ڕێگایانەی ئاستی بەپیتی پێ دەپیورێت بریتییە لە (تێکڕای بەپیتی گشتی) کە بەپێی ئەم هاوکێشەیە لە دانیشتووانناسیدا هەژمار دەکرێت.

$$\text{تێکڕای بەپیتی گشتی} = \frac{\text{کۆی لەدایک بووە زیندووەکان لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا}}{\text{کۆی ژمارەی ئافرەتانی تەمەن (١٥- ٤٥) ساڵ لە هەمان شوێن و نیوەی هەمان ساڵدا}} \times ١٠٠٠$$

نموونە/ ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا لەدایکبووە زیندووەکان لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ٤١،١٧٨ منداڵ بێت لە کۆتایی حوزەیرانی هەمان ساڵدا ژمارەی ئافرەتانی تەمەن نێوان (١٥ – ٤٥) دا ١،٢١٦،٤٣٢ ئافرەت بێت ئایا تێکڕای بەپیتی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا چەندە؟

**شیکار /**

$$\text{تێکڕای بەپیتی گشتی} = \frac{١٧٨،٤١}{٤٣٢،٢١٦،١} \times ١٠٠٠ = ٣٣،٨٥$$ بۆ هەر هەزار ئافرەتێک منداڵ بووە.

**ب- لەدایکبوون: ولادات:**

زۆرجار کۆمەڵناسان و دانیشتواناسان بزاوتە دانیشتوانیەکان بە بزاوت و جوڵەی هەر بونەوەرێکی زیندووی لێک دەچوێنن، پێیانوایە دانیشتوانیش دەجوڵێت چ لەڕێگەی کۆچکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یان لە ڕێگەی گەشەکردنی سروشتییەوە نەوەکان لەدوای یەک دێن و دەڕۆن. ئەگەر کۆچکردن ئامرازی جوڵەی جوگرافی دانیشتوان بێت ئەوە لەدایکبوون گرنگترین ئامرازی سروشتی زۆربوونی دانیشتووانە. هەرچەندە لەدایکبوونەکان بەس نیە بۆ زانینی ڕۆڵ و گرنگی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەدا؟ چونکە لەلایەک پەیوەستە بە ئاستی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەوە و لە لایەکی تریشەوە ئەم گرنگیە بەپێی خودی قەبارەی کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت.

- ئەم لایەنە بۆ یەکەمجار زانایەک بەناوی وارین تۆمسن لە ساڵی ١٩٢٩ ئاماژەی پێکردووە سێ قۆناغی جیاواز باس دەکات، وەک سروشتی زۆربوونی دانیشتووان:

١- ئاماژە بە هەڵومەرجە تایبەتیەکانی زۆربەی کۆمەڵگە نەریتیەکان دەکات کە تیایدا بەهاکانی لەدایک بوون و مردنیش هەردووکیان بەرزن بەتایبەتی (مردنی منداڵان) لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا ئەگەر گەشەی دانیشتوانیش هەبێت بە ڕێژەیەکی زۆر کەمە چونکە لە بەرامبەر بەرزی ڕێژەی لەدایک بووندا ڕێژەی مردنیش بەرزە و هاوسەنگی دەکاتەوە.

بۆ نموونە/ لە هیند تا کۆتایی سەدەی نۆزدە ڕێژەی لەدایک بوون (٤٥) لە (١٠٠٠) هەزار بووە، مردنیش (٤٠) لە (١٠٠٠) هەزار واتا ڕادەی گەشەکردن (٥) لە (١٠٠٠) هەزار بووە.

٢- لە هەندێک کۆمەڵگەی وەکو ئەمریکا و ئەوروپای سەدەی (١٩)، یان هیند لە سییەکانی سەدەی (٢٠) بیستەوە بەهۆی گەلێک هۆکاری تەندروستی و خۆراکی و تەکنەلۆژیەوە ڕێژەی مردن دابەزی، بەلام ئاستی لەدایکبوون هەر بە بەرزی مایەوە بۆیە ئەمە قۆناغی هەست پێکردنی گەشەی دانیشتوانە، کە لە هیندا ڕێژەی مردن دابەزی بۆ دوو (٢) لە (١٠٠٠) هەزار، لەدایکبوونیش بۆ (٤٢) لە (١٠٠٠) هەزار ئەمەش قۆناغی گەشەکردنی خێرای دانیشتوانە.

٣- بەهۆی پێشکەوتنی مەعریفی و خۆشگوزەرانی و ئارامی و ئاسودەیی کۆمەڵگەوە کە ڕێژەی مردن دابەزیوە لە بەرامبەریشدا ڕێژەی لەدایکبوونیش دادەبەزێت، بۆیە ژمارەی دانیشتوان تا ئاستێک نزیک لە نەگۆڕی دەمێنێتەوە یان زۆر لەسەرخۆ گەشە دەکات. لەگەڵ لەدایکبوون ڕووداوێکی بایەلۆژیە بەڵام دیوێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کلتوریش لە ژیانی مرۆڤەکاندا پێک دێنێت و ناکرێت لە کایەکانیتری جیابکەینەوە، بەپێی جیاوازی ئەم کایانە لەدایکبونیش جیاواز دەبێت، واتا لەدایک بوون لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری تردا کەم دەکرێنەوە وەکو:-

أ- تەمەن لەکاتی هاوسەرگیریدا.

ب- دوورکەوتنەوە لە پێکەوەنانی خێزان.

ج- درێژەی ماوەی نێوان دوو لەدایک بوون.

د- لەباربردن.

ئەگەرچی لەدایکبوون هۆکاری سەرەکی و ئامرازی گرنگی زۆربوونی دانیشتوان و گەورەبوونی قەبارەیە، بەڵام زۆربوونی دانیشتوانی جیهان لەم سەردەمەدا هێندەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی ڕێژەی مردن هێندە لەژێر کاریگەری بەرزی ئاستی لەدایکبووندا نیە، بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکان ئەنجام دراون لەسەر ئاستی جیهانی ئێستا ڕێژەی لە (٩٠%)ی ئافرەتان لە تەمەنی نێوان ٢٤ هەتا ٣٤ساڵی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن و زیاتر لە (٥%)یش لە سەرووی ٣٤ ساڵیە، واتا بە هۆی چەندین هۆکاری شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەرزبوونەوەی خواست و پێداویستییەکانی دروستکردنی خێزانەوە دواخستنی تەمەنی هاوسەرگیری خۆی سەپاندووە دەبینین تەنیا نزیکەی (٥%) لە خوار (٢٤) ساڵیەوە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ٦٠ تا ٧٠ ساڵێک لەمەوبەردا جیاوازیەکی زۆری هەیە لە ڕووی ڕێژەی لەدایکبوون، هەرچەندە لە کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکاندا هێشتا بەهۆی گەلێک هۆکاری وەکو دواکەوتویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەوە ڕێگە بە ڕێکخستنی خێزان و بچووککردنەوەی قەبارەی خێزان نادرێت، لەلایەکی تریشەوە ڕێژەیەکی بەرزی ئافرەتان لەم کۆمەڵگایانەدا لە خوار تەمەنی ٣٠ ساڵیەوە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن کە لە هەندێک کۆمەڵگەیتردا مەترسی دروست کردووە لەسەر کەمبوونەوەی دانیشتوان.

ت- مردن:

مردن پایە و کۆڵەکەیەکی تری گەشەسەندنی دانیشتوانە یان کەم بوونەوەیە هەروەکو چۆن زۆربوونی سروشتی بەهۆی بەرزی ڕێژەی لەدایک بوونەوە دروست دەبێت کەم بوونەوەی سروشتیش بەرزی ڕێژەی مردن دروستی دەکات، گرنگی مردن تەنیا لە دیاریکردنی قەبارە و کۆتایی دانیشتواندا بەدەرناکەوێت بەڵکو لەوەی تێدەپەڕێنێت و دەست دەخاتە ناو پێکهاتەی دانیشتوانیش بەپێی

پێکهـاتەی تەمەن و ڕەگەزی، لە هەنـدێک کـۆمەڵگەدا مردنـی منـداڵان بـاوە و ڕێژەیەکـی زۆر بەرزی هەیە کەچـی لە هەنـدێک کـۆمەڵگەیتردا مردنـی پیـر و بەسـاڵاچووان بەرزتـرین ڕێـژەی هەیە یـان لە هەنـدێک کـۆمەڵگەدا مردنـی پیـاوان و بەپـێچەوانەوە لە هەنـدێکیتردا ڕێـژەی مردنـی ئافرەتـان بەرزتـرە بەهـۆی پشـت گوێخسـتنی ڕەگەزی مـێ هەر لە منـداڵییەوە جـگە لەوەی بەپێـی نەژاد و زمـان و ڕەنگـیش جیـاوازی لە ڕێـژەی مردندا بەدەردەکەوێت بەهۆی جیاوازی توانا ئابووری و ئاستی خزمەتگوزاری و شێوازی ژیانەوە.

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ هەوڵیداوە هۆکارەکانی مردن بدۆزێتەوە، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا لە ڕێگەی سەردانی گۆڕی پیاوچاکان و دواتر جادو و نزاو و پاڕانەوە و دواتر بەهۆی بەکارهێنانی داوودەرمان و چارەسەری پزیشکی و تا ئێستاش توێژینەوە لەم بوارەدا بەردەوامە بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوە کۆتایی پێ بێت یان دووربخرێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی زانیاری پێویستی لەبەر دەستدا نەبووە و نیە نەگەیشتۆتە ئامانجێکی تەواو و نەیتوانیوە چارەسەرێکی کۆتایی بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە، ئەگەر چی پێشکەوتنێکی زۆریش لەم بوارەدا بەدەست هاتووە بەتایبەتی لە بواری کەمکردنەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانی مردن، چونکە بە شێوەیەکی گشتی <u>هۆکارەکانی مردن</u> بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێت:

أ- هۆکارە ناوەکیەکان یان سروشتییەکان: مەبەست لەو جۆری مردنە بەهۆی گەورەبوون و ئەو نەخۆشیانەی لە ئەنجامی گۆڕانی بایەلۆژی نەخۆشیەکانی پیربوونەوە ڕوو دەدەن.

ب- هۆکارە دەرەکییەکان یان ژینگەییەکان: مەبەست لەو جۆرە مردنانەیە کە بەهۆی ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە ڕوو دەدەن وەکو نەخۆشیەکانی گرانەتا و نەخۆشی دڵ و شێرپەنجە و گورچیلە کە پەیوەندیان بە جۆر و شێوازی خواردن و خواردنەوە و شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەیە بەتایبەتی لە مردنی منداڵاندا.

جگە لەمانەش هۆکاری نزمی ئاستی زانستی و نەبوونی هۆشیاری تەندروستی و بنچینەکانی چاودێری و خزمەتگوزاری منداڵان، بۆیە دەبینین بەرزترین ڕێژەی مردنی منداڵان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندایە یان لە گەڕەکە هەژارنشینەکان.

**ئامارکردنی مردن:**

مردن لەگەڵ لەدایکبووندا دوو بابەتی بنەڕەتی توێژینەوەکانی گۆڕانە دانیشتوانییەکان پێکدێنن، لەهەر کۆمەڵگەیەک بەهۆی ئامارکردنی ئەم دوو دیاردە و ڕادەی گەشەکردنی سروشتی دانیشتووان دەدۆزینەوە کە بریتییە لە پێوانەی گۆڕانکارییەکانی ساڵانە بێ هەژمارکردنی کۆچکردن جگە لەمەش ئامارکردنی مردن بەتەنیا سوودی لە شیکردنەوە دیموگرافیەکان و ڕۆڵی لە پرۆسەی گەشەکردندا دەبێت ئامادەسازیەک دەکات بۆ پێداچوونەوە بە بەرنامە و پرۆژەی دام و دەزگا خزمەتگوزاری و تەندروستیە گشتییەکاندا، چونکە ئەو زانیارییە سەرەتاییە پێویستیانە پێشکەش دەکات کە بۆ هەر پلان و بەرنامەیەکی زانستی پێویستن کە لەکاتی ئامارکردنی مردنەکاندا

**کۆمەڵێک زانیاری پێویست تۆمار دەکرێن یان پێویستە تۆمار بکرێن کە دواتر بۆ توێژینەوەی زانستی پێویستن، وەکو:**

**أ- ڕەگەزی مردووەکە.**

**ب- تەمەنی مردووەکە.**

**ج- هۆکاری مردنەکە.**

**د- شوێنی نیشتەجێبوون و وشوێنی مردن و شوێنی تۆمارکردنەکە.**

**هـ- مێژووی مردنەکە و مێژووی تۆمارکردنی.**

**و- باری کۆمەڵایەتی مردووەکە (سەڵت، خێزاندار، تەڵاقدراو، تەڵاقدەر).**

**ز- کار و پیشەی پێشووی مردووەکە.**

**ح- ئاستی زانستی و خوێندەواری مردووەکە.**

**ت- لە مردنی ئافرەتاندا زۆر پێویستە مناڵ و باری دووگیانی لەکاتی مردنەکەدا دیاری بکرێت.**

**ئەگەرچی سەلماندنی پەیوەندی بەشێکی زۆری لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە مردنەوە لە توێژینەوە کۆمەڵناسی و دانیشتواننناسیەکاندا کارێکی ئاسان نیە، بەڵام وەکو گریمانە لەبەرچاو گیراوە و خراوەتە بەر باس و توێژینەوە:**

**<u>ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە باری گوزەران و ئیرادە و ئەقڵیەتی کۆمەڵگە و کاریگەریان لەسەر ڕێژەی مردن هەیە، وەک:-----</u>**

**أ- توانای ئابووری خێزانەکان بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە دواتر بۆ چارەسەری و پارێزگاریکردن لە ساغ و سەلامەتی.**

**ب- هەبوونی ئاستێکی هۆشیاری تەندروستی و شارەزایی لە بنچینەکانی فریاکەوتنی پزیشکی چارەسەری لەناکاو.**

**ج- ئیرادەی کۆمەڵگە لە بەکارهێنانی توانا ئابوورییەکانی و زانیاریە تەندروستیەکانی لەپێناو دابین کردنی ژیانێکی تەندروست بۆ تاکەکان.**

**د- خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا.**

**پ/ ئەو هۆکارانە چین کە بوونە هۆی بەرزبوونەوەی قەبارەی دانیشتوان لە جیهاندا لە ١٦٥٠ تا ١٩٤٠؟**

**١- پێشکەوتنی تەکنیکی (تەکنەلۆژیا) و هاتنە ناوەوەی لە بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی.**

**٢- وەرگرتنی تایبەتمەندی ناوچەیی و هەرێمی بۆ بەرهەمهێنانی جۆری دانەوێڵە و خۆراک و جیابوونەوەی ناوچەکان بەپێی ئەم تایبەتمەندییانە، ئەو ناوچەیەی بۆ گەنم و ئەم ناوچەیە بۆ جۆ و ئەم جۆرە ناوچانەی کە بۆ چ جۆرە کشتوکاڵێک باشە بیکەن.**

**٣- شۆڕشی بازرگانی لە کۆتایی سەدەی ١٧ کە بە شۆڕشی نەمر ناسراوە کۆمەڵگەکانی لە یەک نزیک خستەوە توانی کۆنترۆڵی جیاوازیە وەرزیەکان بکات لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان.**

**٤- پێشکەوتنی پزیشکی و فراوانبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.**

**٥- هۆکارە مەعنەویەکان وەکو دیموکراسی و ئازادی و سۆز و خۆشەویستی مرۆڤ و چاودێریکردنی کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ناوەندی تەمەن.**

## دووەم/ پێکهاتەی دانیشتوان: (تركيب السكان)

**پ/ مەبەست لە پێکهاتەی دانیشتووان چیە و لەچەند ڕوانگەوە سەیری پێکهاتەی دانیشتووان دەکرێ ڕوونی بکەوە؟**

**پ/ باس لە پێکهاتەی دانیشتووان بکە و دواتر ڕەهەندە دانیشتووانییەکانی پێکهاتەی زانستی روون بکەوە؟**

**پێکهاتەی دانیشتوان:** بریتییە لەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی کە هەر گرووپێکی مرۆیی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا هەیەتی و لە گرووپەکانیتری جیا دەکاتەوە و دەکرێ پێوانە بکرێت. هەر گرووپێکی مرۆیی دوو خەسڵەتی بنچینەیی هەیە بریتین لە بزاوت و بونیاد؛ ئەگەر بزاوت لە ڕێگەی لەدایکبوون و مردن و کۆچکردنەوە دیاری بکرێت؛ ئەوە بونیاد لە ڕێگەی کۆمەڵێک خەسڵەتی وەکو پێکهاتەی ڕەگەزی و نەژادی و تەمەن و ئاستی خوێندەواری و پسپۆری پیشەیی و باری چینایەتی .. هتد دیاری دەکرێت.

**بە شێوەیەکی گشتی لە دوو ڕوانگەوە سەیری پێکهاتەی دانیشتوان دەکرێت:**

**أ- پێکهاتەی بایەلۆژی.**

**ب- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.**

**پ/ مەبەست لە پێکهاتەی بایەلۆجی چییە؟ مەبەست <u>لە ڕوانگەی پێکهاتەی بایەلۆژی دانیشتوان چییە؟</u>**

**أ- پێکهاتەی بایەلۆژی:** بریتییە لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی دانیشتوان کە گرووپ لەڕێگەی بۆماوەییەوە وەریان دەگرن و پەیوەستن بە پێکهاتەی جەستەیی و باری بایەلۆژی تاکەکان، وەکو:

**١- پێکهاتەی ڕەگەزی: واتا جیاوازی لەنێوان ڕێژەی نێر و مێ لە پێکهاتەی دانیشتواندا کە لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە هەندێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگە لە نایەکسانی ڕێژەکانی نێر و مێیەوە سەرچاوە دەگرن.**

**٢- پێکهاتەی نەژادی: وەکو بنەچە و ڕەنگ و نەژادی جیاواز لە پێکهاتەی دانیشتوانی کۆمەڵگەیەکدا.**

**٣- پێکهاتەی تەمەن: بریتییە لە ڕێژە جیاوازەکانی تەمەن لە پێکهاتەی دانیشتواندا؛ کە زۆر جار تەمەنی کۆمەڵگە بە بەرزی ڕێژەی تەمەنێک لە تەمەنەکان دیاری دەکرێت وەک کۆمەڵگەی لاو یان کۆمەڵگەی پیر.**

- **لەم بوارەدا دوو چەمک لە دانیشتوانناسیدا هەیە کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت ئەوانیش بریتین لە بەخێوکردن و ناوەندی تەمەن.**

**١- بەخێوکردن: بریتییە لە ئاماژەیەکی ئاماری سادە ڕۆڵی پێکهاتەی تەمەنیمان بۆ دەپێوێت لە چالاکی بەرهەمهێنانی دانیشتوان، ئەویش لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەو ڕێژەیەی دانیشتوان کە لە تەمەنی بەرهەمهێناندا نین لەگەڵ ئەو تەمەنەی کە توانای کارکردن و بەرهەمهێنانیان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی تەمەنی بەرهەمهێنان لەنێوان ١٥ – ٦٥ساڵیە واتا ئەوانەی لە خوار ١٥ ساڵی و ئەوانەی لەسەرووی ٦٥ ساڵین دەبێت کۆمەڵگە بەخێویان بکات، ڕادەی بەخێوکردن بەپێی ئەم یاسایە دەدۆزرێتەوە.**

$$\text{ڕادەی بەخێوکردن} = \frac{\text{تەمەنی خوار ١٥ ساڵ} + \text{تەمەنی سەرووی ٦٥ ساڵ}}{\text{کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی تەمەنی ١٥ – ٦٥}} \times ١٠٠$$

**پ/ مەبەست لە هەژمارکردنی ڕادەی بەخێوکردن چییە؟**

**مەبەست لە هەژمارکردنی ڕادەی بەخێوکردن بریتییە لە پێوانەی ئەو کەسانەی لەلایەن هەر (١٠٠) کەسێتر لە دانیشتوان کە توانای کارکردنیان نییە بەخێودەکرێن، لە هەندێک کۆمەڵگەدا ڕێژەی بەخێوکردن بەرزە دەگاتە نزیکەی ١٠٤ کەس واتا هەر ١٠٠ کەسێک کە توانای کارکردنیان هەیە، بەخێوکردنی ١٠٤ کەسیان لەسەر شانە کەچی لە هەندێک کۆمەڵگەی تردا ٤٧ کەسە واتا لە بەرامبەر ١٠٠ کەسی بەرهەمهێنەردا ٤٧ کەس لە خوار ١٥ ساڵ یان سەرووی ٦٥ ساڵ هەیە جگە لەوەی لە کۆمەڵگەکاندا جیاوازی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانیشدا هەیە بەپێی ئاستی پسپۆری و شارەزایی و خوێندەواری و گەشەکردنی تەکنیک و بەکارهێنانیان لە بواری بەرهەمهێناندا.**

٢- لەبارەی پێکهاتەی تەمەنی و ناوەندی تەمەنەوە لە ڕێگەی ناوەندەوە دەردەکرێت بریتییە لەو پێوەرەی کە تەمەنێک دیاری دەکات دەکەوێتە ناوەندی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانەوە؛ واتا نیوەی دانیشتوان لەسەرووی ئەم تەمەنە و نیوەکەی تری لە خوار ئەم تەمەنەوەیە..

بۆ نموونە/ لە ئێران ١٨ ساڵ، لە مەکسیک ٢٠ ساڵ لە ئەمریکا ٣٣ ساڵ، لە فەرەنسا ٣٤ ساڵ.

ب- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی:

بریتییە لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە وەری دەگرن یان فێری دەبن و دواتر پەیڕەوی دەکەن و دەبێتە بەشێک لە ڕەفتارەکان یان بەپێی قۆناغ و ڕەوشتی کۆمەڵگە کە بەسەریاندا دەسەپێندرێت کە ئەمەش خۆی خەسڵەتێکی دیاردەی کۆمەڵایەتییە و سەرووی تاکە دواتر دەبێتە بەشێک لە جیاوازیەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتوان و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت، وەکو:

١- باری زانستی: کە دەکرێت بۆ چەندین ئاست پۆلین بکرێت هەر ئاستێکیش جیاوک و تایبەتمەندی خۆی هەیە وەک پێگە لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان داهات لە ڕووی ئابووری ئەمیش بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بۆ نموونە ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تا ئێستا باوە لەڕووی زانستیەوە بەم شێوەی خوارەوە ڕیزبەندی دەکرێت:

نەخوێندەوار، دەتوانێ بخوێنێ و بنووسێ، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانکۆ و خوێندنی بالا.

٢- باری خێزانداری: سەڵت (   )، خێزاندار (   ) تاک مردوو (   ) جیابۆوە (   )

سەڵت، خێزاندار، تاک مردوو، جیابۆوە، بۆ بەراوردکردنی ئەمە بە پێکهاتەی تەمەن لە هەندێک کۆمەڵگەدا بۆ نموونە لە فەرەنسا بەرزترین ڕێژەی خێزاندارەکان لەنێوان تەمەنی ٥٥- ٥٩ساڵیە، لە ئەڵمانیا لەنێوان ٥٠-٥٤ساڵیە، لە هیند لەنێوان تەمەنی ٣٥-٤٠ ساڵیە.

## سێیەم: دابەشبوونی دانیشتوان:

دابەشبوونی دانیشتوان یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی دانیشتواننناسی و کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی و مرۆڤناسی و ئابووری و لەدوای سەربەخۆبوونی ئەم لقە زانستیانە و فراوانبوونی توێژینەوە لەسەر بابەتی سەرەکیان لەچوارچێوەی زۆربەیاندا لقێکی سەربەخۆ تایبەت بە کارلێکی نێوان دانیشتوان و بابەتی بنچینەیی ئەمان (لقە زانستییەکان) دروست بوون، و لەناو ئەم لقەدا دابەشبوونی دانیشتوان بابەتێکی سەرەکی و بنچینەیی پێک دێنێت چونکە نەک هەر پەیوەندی بە قەبارە و پێکهاتە و چڕی و

دیـــارده دانیشـــتوانییەکانیترەوە هەیە، بەڵکـــو چـــۆنیەتی دابەشـــبوونی دانیشـــتوانی هەر کـــۆمەڵگەیەک پەیوەســـتە بە هێـــزی کـــۆمەڵگەکە و پرەنســـیپەکانی ئاسایشـــی نەتەوەیـــی و نیشـــتیمانی ئەو وڵاتەوە و لەلایەکـــی تریشـــەوە چـــۆنیەتی دابەشـــبوون گوزارشـــت لە ئاســـتی پەرەســـەندنی ئـــابووری و کـــۆمەلایەتی کـــۆمەڵگەکە دەکـــات هەروەکـــو لە کۆمەڵناســـی گشـــتیدا یـــان کۆمەڵناســـی شارنشـــینی ڕێژەکـــانی دابەشـــبوونی دانیشتوان وەک پێوەرێک بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی شارستانی کۆمەڵگە دادەنرێت.

## جۆرەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

بۆ دابەشبوونی دانیشتوان دەکرێ لە چەند ڕوانگەوە سەیر بکەین:

**١- دابەشبوونی ڕووبەری (مساحي):**

واتە دابەشـــبوونی دانیشـــتوانی کـــۆمەڵگە کە بەســـەر تەواوی ئەو ڕووبەرەی بە چوارچێـــوە و ســـنوورێکی سیاســـی کـــۆمەڵگەکە دادەنرێـــت یـــان لەڕووی مێژوویـــی و جـــوگرافیەوە بە خـــاکی گروپێکـــی مرۆیـــی دیـــاریکراو دادەنرێت.

**٢- دابەشبوونی ژینگەیی:**

واتە دابەشـــبوون بەســـەر هەرێمەکـــانی لادێ و شـــاردا، ئەمە لەو کۆمەڵگایـــانەی کە مێژوویەکـــی دوور و درێـــژی شارســـتانیان هەیە و کەمتـــر کەوتـــونەتە بەر هێـــرش و پەلامـــاری داگیـــرکەران جیاوازیەکانیـــان زیـــاتر ڕونـــن یـــان بە پـــێچەوانەوە بە قـــازانجی کـــۆمەڵگەی لادێیـــی جیاوازییەکـــان کەمتـــر بـــونەتەوە لە کۆمەڵناسیشـــدا بـــۆ هەردوو جـــۆرەکە لقـــی زانســـتی ســـەربەخۆ هەیە بـــۆ دیـــاریکردنی خەســـڵەت و تایبەتمەندیەکانی هەر جۆرێکیان.

**٣- دابەشبوونی کلتوری:**

بـــریتیە لە تـــاوتوێکردنی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەنـــدی و وردەکلتـــورانەی لە گەڕەکەکـــانی یەک شـــاردا یـــان لەســـەر ئاســـتی یەک هەرێمـــدا بەدی دەکرێـــت وەکـــو ئاســـتی خزمەتگـــوزاری و ڕەفتـــار و هەنـــدێک لایەنـــی وردە جیاوازی.

هەر لەبـــارەی دابەشـــبوونی دانیشـــتوانەوە زانـــای کۆمەڵناســـی ئەمریکـــی (ڕۆبەرت ریـــد فیلـــد) بە دیـــاریکردنی خەســـڵەت و تایبەتمەنـــدیەکانی هەر جـــۆرێکی دانیشـــتوانی پێـــوەرێکی دانـــاوە بەنـــاوی (پێگەیشـــتنی شارنشـــینی میللـــی) کە لە کۆمەڵناسـیدا گرنگیەکـــی زۆری هەیە بـــۆ جیـــاکردنەوەی کـــۆمەڵگەی لادێـــی و شارنشـــینی، ئەم پێیـــوایە نە کـــۆمەڵگەیەکی تەواو لادێـــی و نە کـــۆمەڵگەیەکی تەواو شارنشـــینیمان هەیە، بەڵکـــو لەســـەر هێڵێـــک بەپێـــی تایبەتمەنـــدیەکانییان ڕیزبەنـــدی کـــراون و لە خاڵێکـــدا پێـــک دەگەن و

دواتـــر بـــۆ جەمســـەرەکانی ئەو هـــێڵە لەیەک دوور دەکەونەوە بەپێـــی جیـــاوازی خەســـڵەت و تایبەتمەندیەکانی هەر یەکێک.

لەبـــارەی کـــۆمەڵگەی کـــوردیەوە بەپێـــی ئەو تـــوێژینەوانەی لەســـەر کـــۆمەڵگەی کـــوردی کـــراون وەکـــو دابەشکردنێکی کلاسیکی سێ جۆری دانیشتوانمان هەیە:

١- دانیشتوانی شار و شارۆچکەکان.

٢- دانیشتوانی دەشت و لادێ و گوندەکان.

٣- کۆچەری دەوارنشینەکان.

## هۆکارەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی دابەشبوونی دانیشتوان دەکرێنە دوو جۆر:

یەکەم/ هۆکارە سەرەکییەکان: کە بریتین لە:

أ- هۆکارە سروشتییەکان. ب- هۆکارە ئابوورییەکان. ج- هۆکارە سیاسییەکان.

دووەم/ هۆکارە لاوەکییەکان: دەکرێن بە سێ جۆر:

أ- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان. ب- هۆکارە ئایینییەکان. ج- هۆکارە کلتورییەکان.

یەکەم/ هۆکارە سەرەکییەکان:

پ/ ئەو هۆکارە سروشتییانە ڕوونبکەوە کە کاریگەرییان بەسەر دابەشبوونی دانیشتوان هەیە؟

أ- هۆکـــارە سروشـــتییەکان: کـــاریگەری هۆکـــارە سروشـــتییەکان بەتـــایبەتی لە قۆنـــاغە ســـەرەتاییەکانی نیشـــتەجێبوونی مرۆڤـدا زۆر بەڕوونـی لەسـەر دابەشـبوونی گـرووپە مرۆییەکـان بەدەرکەوتـوە کە نەیـانتوانیوە بەســەر فشــاری هۆکــارە سروشــتیەکاندا زاڵ بــن و ئێســتاش توانــای زاڵ بــوون وەک پێوەرێــک لە کۆمەڵناســیدا بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن بەکاردێت.

لەلایەکــی تریشــەوە لەگەڵ بەرزبــوونەوەی ئاســتی تواناکــان و داهێنــانی کەرەســتەی دروســتکراو بــۆ ســوودوەرگرتن لە ســەرچاوە سروشــتییەکان جــارێکیتر سروشــت کــاریگەری خــۆی دانــاوە لەســەر چــۆنیەتی دابەشــبوون و دیــاردە دانیشــتوانییەکانی تــریش وەکــو پێکهــاتە و قەبــارە و چــڕی. بە کــورتی هەنــدێ لەو هۆکارە سروشتیانە بریتیین لە: <u>(هۆکارە سروشتییەکانی دابەشبوونی دانیشتوان چیین؟)</u>

١- هەبـــوونی ڕووبەری کشـــتوکاڵی بەپیـــت: دوای فێربـــوونی چانـــدن و بەرهەمهێنـــانی دانەوێـــڵە، بـــۆیە سەرەتای زۆربوون و گەشەکردنی دانیشتوانیش لەو ناوچانە سەری هەڵداوە.

**٢- هەبـــوونی ســـەرچاوەی ئـــاوی دوور لە یەکتـــری؛ بـــۆتە هـــۆی دابەشـــبوون و دوورکەوتـــنەوەی گـــرووپە مرۆییەکـــان لە یەکتـــری وەک دیجـــلە و فـــورات کە لە کەنارەکانیـــدا ســـەرەتای نیشـــتەجێبوونی مـــرۆڤ پەیدابووە.**

**٣- ڕەوشـی ئـاووهەوای هەمەڕەنـگ؛ بـۆتە هـۆی نیشـتەجێبوون و مـانەوە لە نـاوچە جیاوازەکانـدا دواتـر ئەو جیاوازییـانە لە پێکهـاتەی جەسـتەیی مرۆڤەکانیشـدا ڕەنگـی داوەتەوە و هۆکـارێکیتر بـووە بـۆ دابەشـبوون و دوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری.**

**٤- بـوونی بەربەسـتی سروشـتی نەشـیاو بـۆ نیشـتەجێبوون؛ وەکـو بیابـانە گەورەکـان و چیـا و نـاوچە شـاخاویە سـەختەکان کە وەک بەربەسـتێک ڕێـگەی لە تێکەڵاوبـوونی گـرووپە مرۆییەکـان گرتـوە و دواتـر جیاوازیەکانی قوڵتر کردۆتەوە.**

**٥- دوای پێشـکەوتنی مـرۆڤ و کەرەسـتەکانی و بەدەرکەوتنـی هەنـدێک سـەرچاوەی سروشـتی نـوێ وەک کانزاکـان و نەوت و گـاز و ئەمـانە و دواتـر چـۆنیەتی دەرهێنـان و پـاڵاوتن و فرۆشـتنی کـاریگەری لەسـەر دووبارە دابەشبوونی دانیشتوان داناوە.**

**ب/ هۆکارە ئابوورییەکان:-**

**هەنـدێک لە زانایـانی کۆمەڵناسـی بـۆ ڕاڤەکردنـی قۆناغەکـانی گـۆڕانی کـۆمەڵ و گۆڕانکـارییە قووڵەکـانی سـەر کۆمەڵگـا بـابەتە ئابورییەکـان بە بنچینـەی پرۆسـە مێژوویەکـان دادەنـێن؛ بەهـۆی ئەو ڕۆڵەی کە ئـابوری دەیگێڕێـت لە ژیـانی کـۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانـدا، بـۆیە لە بـواری دیـاردە دانیشـتوانیەکان بەگشـتی و دابەشبونیشـدا بەتـایبەت ڕۆڵـی هۆکـاری ئـابوری بەدەردەکەوێـت و دەبێتەهـۆی جـۆرێکیتری دابەشـبونی دانیشـتوان، کەلە ڕووی چـڕی و دابەشـبونی کۆمەڵایەتییـانەی کاریشـەوە بەشـێوازێکی نـوێی کۆمەڵگە دادەنرێت.**

**بەکـورتی <u>گرنگتـرین بوارەکـانی بەدەرکەوتنـی کـاریگەری هۆکـارە ئابوورییەکـانی دابەشـبوونی دانیشـتوان</u> لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەینەوە:-**

**١- گەشەســەندنی بەرهەمهێنــان و زۆربــونی بوارەکــانی کــارکردن بەشــێوەیەکی پێشــکەوتووتر، لەهەنــدێک کۆمەڵگەدا بە بەراورد لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبونی بەشێکی تری دانیشتوان.**

**٢- بەدەرکەوتنـی خـاڵی بەیەک گەیشـتنی ئـالوگۆری بازرگـانی و کـڕین و فرۆشـتنی چەنـد ناوەنـدێک بەهـۆی ڕێکەوتنی ناوچەیەک لەسەر ڕێگەی بازرگانی یان بەهۆی تێپەربوونی هۆکارەکانی گواستنەوە.**

٣- دروستکردن و دامەزراندنی کارگە و پرۆژەی پیشەسازی تایبەت لەهەندێک ناوچەی دیاریکراودا؛ کە بە شاری پیشەسازی دەناسرێت لەسەر نەخشە و پلانی تایبەت،و بەتایبەتیش بۆ نیشتەجێکردنی کارمەند و کرێکارەکانیان کەدەبێتە هۆی جۆرێکی تری دابەشبونی دانیشتوان.
٤- فراوانبونی کەرتی خزمەتگوزاری لەهەندێک شوێن و نەبونیان لە ناوچەکانیتردا، واتە جیاوازی لە ئاستەکانی پێشکەوتنی ئابوری و خزمەتگوزاری ناوچەکان دەبێتەهۆی کۆچکردن و شێوازێکیتری دابەشبونی دانیشتوان.
٥- لە دەستدانی پێگە و گرنگی ئابوری لە هەندێک ناوچەدا و بەدەرکەوتنی گرنگی ناوچەیتر لەژێر کاریگەری هەر هۆکارێکدا بێت دەبێتەهۆی بڵاوبونەوەی دانیشتوان لەیەکەم و چربونەوەیان لە دووەم.

ج/هۆکارە سیاسییەکان:- نەک هەر لە بواری دابەشبونی دانیشتواندا بەڵکو ڕۆڵ و کاریگەری هۆکارە سیاسییەکان بەڕوونی لە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا دەردەکەون چونکە سیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا تا ئاستێکی بەرز ڕۆڵی هۆکارە سروشتی و ئابورییەکانیش دیاری دەکات لەمیانەی کۆنترۆلکردن و ئاراستەکردنیانەوە، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەم بوارانەدا بە دەردەکەون:-
١- سیاسەتی توندوتیژی و ڕێگە نەدان بە فرەهەندی جیاوازیەکان؛ کە دەبێتەهۆی خۆشاردنەوەی بەشێکی دیاریکراوی دانیشتوان و نیشتەجێبوون لە شوێنە سەخت و دژوارەکاندا وەک و شاخ و دۆڵ و قولایی دارستان و ئەشکەوتەکان دواتر بە تێپەربوونی کات ئەم شوێنانە دەبنە ناوەندی نیشتەجێبونی گەورەتر باشترین نمونەش بەشێکی زۆری گوند و ناوچەکانی کوردستان.
٢- سیاسەتی قرکردنی نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان؛ بەگرتنەبەری سیاسەتی نیشتەجێکردنی زۆرەملێ بۆ دابەشکردنی دانیشتوان وەکو باشوری ئەفریقیا و یەکێتی سۆفیەتی جاران لەسەردەمی جۆزیف ستالین و کوردستان لە سالانی هەشتاکاندا.
٣- سیاسەتی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ئەو ناوچانەی لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا شیاو نەبوون بۆ نیشتەجێبوون؛ وەک و نیشتەجێکردنی کۆچبەران (بدو) لەهەندێک شوێنی تایبەتی وەکو بیابانەکان بەدابینکردنی پێداویستەکانی ژیان بۆیان وەکو ئاو و ڕێگاوبان.

**چوارەم/ چڕی دانیشتوان:** (كثافة السكان) لە رووی ئامارییەوە چڕی یەکسانە بە بڕی ژمارەی دانیشتوان دابەشی یەکەیەکی پێوانەی رووبەر، واتە چڕی دانیشتوان بریتییە لە چەندایەتی ژمارەی دانیشتوان لەسەر هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشەی زەوی، ئەگەر چی تویژینەوە (مێژوویی و مرۆڤناسی ئەرکیۆلۆژیەکان(شوێنەوارناسیەکان)) دەریان خستوە کە سەدان هەزار ساڵە مرۆڤ لەسەر زەوی هەیە، بەلام چڕبونەوەیان لە شوێنێکی دیاریکراو مێژویەکی کورتی هەیە بەبەراورد لەگەل تەمەنی کە هەتا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەش تەنیا ڕێژەی لە سەدا سێی (٣%)ی دانیشتوان لەو شوێنانەدا دەژیان کە چریەکی بەرز و قەبارەیەکی گەورە و جۆرێک لە پەیوەندی تایبەتیان هەبوو بەشار ناوزەند دەکرا بەلام لە (٩٧%)ی دانیشتوان لە جیهاندا بەشێوەیەک پەرش و بلاو دوور لە یەکتری دەژیان ؟(بۆ)؟ بەهۆی کەمی خۆراک و پیشەی سەرەتایی و بچوکی ژمارەی گرووپەکان، بەلام لەگەل گۆڕانی شێوازی بەرهەمهێنان و پێشکەوتن لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆییدا چڕبونەوەی دانیشتوان بەرزبۆتەوە.

بۆ نمونە/ لەقۆناغی کۆکردنەوەی خۆراک و ڕاوشکاردا مرۆڤەکان لە ئاستێکی ژیانی سەرەتایی و دواکەوتودا دەژیان چالاکی ئابوری زۆر نزم بوو، ئەوەش ژینگە دیاری دەکرد و پسپۆر و شارەزایی تیایاندا نەبوو یان زۆر کەم بوو گرووپەکانیش دوور لە یەکتری ژیاون دواتر لە قۆناغی شوانکارەییدا گرووپە مرۆییەکان بەسەر ناوچە و هەرێمی جیاوازدا دابەشبوون بەپێی ئەو هۆکارە سروشتیانەی پێشوتر باسمان کرد و، شێوەی خاوەنداریەتی بەگروپ و شێوازی کۆمۆنەییان هەبووە ئاستی چڕبونەوە و نیشتەجێبونیش هەر نزم بووە دواتر لە قۆناغی کشتوکالی و نیشتەجێبوندا چڕی دانیشتوان زیاتر بەدەرکەوتووە لەسەرەتای مێژووی لەدایکبوونەوە (زایینی) ژمارەی دانیشتوانی جیهان بەپێی هەندێک لە مەزەندەکارییەکان گەیشتوەتە (١٥٠) ملیۆن تا دواتر.

**پێنجەم/ کۆچکردنی دانیشتوان:** (**هجرة السكان**) کۆچکردن دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و دانیشتوانییە بریتیە لە پرۆسەیەکی جێگۆرکی و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونی تاک یان گروپە مرۆییەکان لەشوێنی ئاسایی و لێڕاهاتنیان بۆ شوێنێکیتری ناو ولاتەکەیان یان دەرەوەی سنوری سیاسی ولات، ئەم پرۆسەی جێگۆرکێیەش بەحەز و ئارەزووی خۆیان یان لەژێر فشار و هەڕەشەدا بە ناچاری یان زۆرەملێ بۆ کاتێکی دیاریکراو یان بۆ هەتاهەتایی ڕوودەدات، و لەم جێگۆرکێیەشدا گۆڕانی ڕیشەیی لە ژیانی کۆچبەراندا دروست دەبێت(ڕوودەدات)، لەرووی مێژوویی مرۆڤناسیەوە کۆچکردن بە کودەتای(إنقلاب) ئەتنۆگرافی دادەنرێت؛ بۆنمونە هەلومەرجی جوگرافی و مەڵبەندە کلتوری و شارستانییەکانی ئاسیای بچوک بەجۆرێک بووە کەلە کۆنترین مێژوەوە لەم شوێنەدا هەمیشە شالاوی ڕەگەزی تازە و توانەوە و

دابڕان و گۆڕانی زمان و تێکەڵبونی میللەتانی تێیدا روویداوە؛ یان لە بەریتانیا بەقسەی ئەنتونی گیدنز ناکرێ قسە لەسەر ڕەگەزی ئینگلیزی تاک بکرێت هەتا لەسەر ئاستی بنەماڵەی پادشاکانی بەریتانیا کە بریتین لە تێکەڵەیەکی بنچینەیی دووبارە دروستکردنەوەی بونیادی دانیشتوانە، ئەو بنەمایانەی کۆچکردنیان لەسەر پۆلێن دەکرێت بریتیین لەمانە:-




**بنەماکانی پۆلێنکردنی کۆچکردن :-**

**یەکەم/ کۆچکردن لەبارەی سنوری سیاسی وڵاتەوە:- ئەمەش دەکرێت بەدوو بەشەوە**

**١- کۆچکردنی ناوەخۆیی (ناوەکی):- واتا لە چوارچێوەی سنوری سیاسی ولاتەکەوە تێناپەڕێت، وەکو ئەو تاک و خێزانانەی لە لادێکانەوە بۆ ناو شار یان لەهەندێک شارۆچکەوە بۆ شارە گەورەکان و پایتەختی وڵاتەوە کۆچ دەکەن یان بە پێچەوانەوە لە شارەوە بۆ لادێ، بێگومان هەموو ئەمانەش هۆکار و شوێنەواری تایبەتی خۆیان هەیە بەڵام ئەوەی پەیوەستە بەدیاردە دانیشتوانیەکانەوە ئەم جۆرەی کۆچکردنی کاریگەری دەخاتە سەر چڕی و دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان، چونکە کۆچکردنی ناوخۆیی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە کاریگەری ناخاتە سەر قەبارە و پێکهاتەی زانستی و رەگەز و تەمەنی دانیشتوان، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ پێکهاتەی ڕەگەزی و تەمەنی تێک دەدات، چونکە ئەوانەی لە دێکانەوە کۆچ دەکەن بۆ شارەکان هەموو لاو و لە ڕەگەزی نێرن.**

**٢- کۆچکردنی دەرەکی:- بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوری سیاسی وڵات و بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبون و ئەم جۆرەی کۆچکردن کاریگەری خراپ دەخاتە سەر دیاردە دانیشتوانەکانی وەک قەبارە و پێکهاتەی رەگەزی و زانستی و تەمەن و دەستی کار و دابەشبون و چڕیش، چونکە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا**

ئەوانەی کـــۆچی دەرەکـــی دەکەن لە ڕووی تەمەنەوە لە نێـــوان (١٨تـــا٣٥) ســـاڵن ئاســـتێکی زانســـتی باشـــیان هەیە، زۆربەیـــان لە ڕەگەزی نێـــرن، هێـــزی بەرهەمهێـــنەری کـــۆمەڵگەن، بـــۆیە کـــاریگەریە کۆمەڵایەتییەکـــانی کۆچکردنی دەرەکی بریتین لە:-

أ- پێکهاتەی ڕەگەزی لاسەنگ دەکات بە کۆچکردنی پیاوان و مانەوەی ڕێژەیەکی زۆری رەگەزی مێ.

ب- بەکـــۆچکردنی خـــاوەن پســـپۆرە تایبەتییـــەکان؛ کـــۆمەڵگە لەڕووی توانـــا هزریەکـــانیەوە پێکهـــاتەی زانســـتی تێکدەچێت.

ج- کەمکـــردنەوەی دەســـتی کـــار و دابەزینـــی ئاســـتی بەرهەمهێنـــان و لاســـەنگبوونی پێکهـــاتەی تەمەنـــی دانیشتوان.

د- قورســـبونی ئەرکەکـــانی دەوڵەت بەمـــانەوەی پیـــرو پەکـــکەوتە و تەمەنـــی خـــوار ١٨ســـاڵی کە ئەمـــانەش جگە لەوەی بەکاربەرن پێویستیان بە خزمەت و چاودێری زۆرە.

هـ- سەرهەڵدانی گرفتی کۆمەڵایەتی وەکو هەڵوەشانەوەی خێزان و لاوازبونی پەیوەندییەکان و ...هتد.

دووەم/ کۆچکردن لە بارەی خواست و ویستەوە:- ئەمە دەکرێ بەسێ بەشەوە

١- کۆچکردنی بە ئارەزوو:-

ئەو تـــاک و خێزانـــانە دەگـــرێتەوە کەلە کـــۆمەڵگە خۆشـــگوزەران و پێشـــکەوتوەکاندا بەدوای دابینکردنـــی پێداویســـتییە بنەرەتییەکـــانی ژیـــان و مســـۆگەرکردنی ســـەرچاوەیەکی تـــایبەتی بژێـــوی، هەنـــدێک لەو خێزانـــانە لە ژیـــنگە چڕوپـــڕ دەنگەدەنـــگ و پیســـەکاندا دەگـــوازنەوە بـــۆ شـــوێنێکی ئـــارامتر و ژینگەیەکـــی خـــاوێنتر؛ یـــان بە پـــێچەوانەوە ئەو خێزانـــانەی بە ژیـــانی لادێ ڕازی نـــین و ســـەرەڕای هەبـــوونی کـــار و ئاستێکی باشی گوزەران بۆ دابین کردنی ژیانێکی باشتر بۆ شارەکان کۆچ دەکەن.

٢- کۆچکردنی ناچاری:-

بـــریتییە لەو جـــۆرە ڕاوکـــردنەی کە لەژێـــر فشـــار و پاڵەپەســـتۆی هۆکارێـــک یـــان چەنـــد هۆکارێـــک وەکـــو نەبـــونی کـــار و ســـەختی ژیـــان و گرفتـــی کـــۆمەڵایەتی و نەهـــاتنەدی هیـــوا و ئـــاواتی بەشـــێک لە دانیشـــتوان بەناچـــاری لە شـــوێنێکەوە بـــۆ شـــوێنێکی تـــر؛ یـــان لەســـەر ئاســـتی شـــاریش لە گەرەکـــێکەوە بـــۆ گەرەکێکـــی تـــر کـــۆچ دەکەن، و کـــاریگەری ئەم جـــۆرەی کـــۆچکردن دەکەوێـــتە ســـەر قەبـــارەی دیـــاردەکە و ئاســـتی ئامادەسازی دەسەڵات بۆ دوبارە نیشتەجێکردنەوەیان.

٣- کۆچکردنی زۆرەملێ:-

بــریتییە لە هەڵکەنــدن و جــێگە پــێ چــۆڵکردن و گواســتنەوەی بەشــێکی دانیشــتوان بەزۆر لەلایەن دەســەڵتەوە، چ بەنیــازی نەهێشــتنی جیــاوازییە کلتورییەکــان؛ یــان بەهــۆی پلانــی خزمەتگــوزاری و بەرنــامەی پەرەپێدانی ئابوری کۆمەڵگەوە وەک و دروستکردنی بەنداو و شاری نوێ و کۆمەڵگەی هاوچەرخ.

هەمــوو ئەمــانە (٣ جــۆرەکە) کاریگەریــان لەســەر دیــاردە دانیشــتوانیەکان بەپێــی ئامــانج و بەرنامەکــانی دەســەلات و خۆئامــادەکردنی پــێش وەخــتە بــۆ دوبــارە نیشــتەجێکردنەوەی دانیشــتوان و پلانــی ئاینــدە بــۆ ڕەچاوکردنی چۆنایەتی دانیشتوان.

سێیەم/ کۆچکردن لە ڕووی کاتەوە:- ئەمەش دەکرێت بە دوو بەشەوە

١- کۆچکردنی کاتی:-

کە تیایــدا خێزانەکــان یــان تاکەکــان بــۆ مــاوەیەکی دیــاریکراو شــوێنی نیشــتەجێبونی ئاســایی خۆیــان بەجێــدێڵن و دوای تــەواو تــەواوبوونی کاتەکــە دەگەڕێــنەوە هەمــان شــوێنی پێشــویان، وەکــو گەرمیــان و کوێســتان کردنــی کۆچەرەکــان، یــان دەتــوانین شــێوەیەک لە شــێوەکان گەڕان بەدوای زانســت، یــان کرێکــارە کشتوکالیەکان یان خێزانە کرێکاریەکانی سەر کورەخانەکان بەکۆچکردنی دابنێن.

کــاریگەری ئەم جــۆرەی کــۆچکردن لەســەر دیــاردە دانیشــتوانیەکان، بــریتییە لە دروســتکردنی هەڵە لە ســەرچاوەکانی زانیاریــدا کە تــایبەتن بە دانیشــتوان بەتــایبەتی لە کــاتی ســەرژمێری گشــتیدا، ئەگەر لە فــۆرمی زانیارییەکانــدا بەوردی ئەم دیــاردەیە لەبەرچــاو نەگیرابێــت واتــا دەبێــتە هــۆی تۆمــارکردنی زانیاری هەڵە بۆ بەراوردکردنی دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان.

٢- کۆچکردنی هەمیشەیی:-

بــریتییە لەبەجێهێشــتنی یەکجــارەکی شــوێنی نیشــتەجێبوون و وەرگرتنــی خەســڵەتە کلتورییەکــانی ژیــنگەی دووەم کە تیایــدا گــۆڕانی ڕیشــەیی لە ڕەفتــار و کەســایەتی خــودی کــۆچبەر یــان ئەوەی دوەمیانــدا ڕوودەدات، وردە وردە پەیوەندییەکانیان بە شوێنی پێشویانەوە دەپچڕێت.

**بەشی چوارەم: توێژینەوە دانیشتوانیەکان**

**پ/مەبەست لە توێژینەوە دانیشتوانیەکان چییە؟ وگرنگی هۆکارەکانی پەرەسەندنییان روونبکەرەوە؟**

**پ/مەبەست لە توێژینەوە دانیشتوانیەکان چییە؟ وجۆرەکانی بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە؟**

**<u>مەبەست لە توێژینەوە دانیشتوانییەکان:-</u>**

**بریتیین لەو توێژینەوانەی کە بابەتی دیاردە دانیشتوانییەکان دەکەنە گرفتی بنەرەتی لێرامان و لێکدانەوەکانییان و بەدوای شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێن کە پەیوەستن بە خودی دانیشتوان و گۆرانکاریەکانی و ئەو گرفتانەی لەم گۆرانکاریانەوە دروست دەبن.**

**جۆرەکانی توێژینەوە دانیشتوانیەکان:-**

**١- توێژینەوەی پێزانین و بەدەرخستن:- بریتین لە توێژینەوەی دەستپێک و بەرایی بۆ توێژینەوەی قوڵتر، کاتێک توێژەر هەست دەکات زانیارییەکانی لەسەر بابەتە دانیشتوانیەکە بۆ دارشتنی توێژینەوەیەکی قوڵتر و تێر و تەسەل کەمن، بۆیە لەسەرەتادا ڕەهەندە دانیشتوانییەکان دیاری دەکات و هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە بە (چی) دەست پێ دەکەن.**

**٢- توێژینەوەی وەسفی:- لەم توێژینەوەیەدا توێژەر خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دیوی دەرەوەی دیاردە دانیشتوانییەکان لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتیەوە دەخاتەڕوو، باس لە هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە پەیوەندییان بە دیاردەکەوە هەیە نەک هۆکارەکانی دروستبوونی دیاردەکە و ئاسەوارەکانی، بۆیە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە بە (چۆن) دەست پێدەکەن.**

**٣- توێژینەوەی دەستنیشانکردن:- جەخت لەسەر ئەو هۆکارانە دەکات کە لە بنچینەدا هۆکاری دروستبوونی دیاردەکەن لە ڕێگەی دانانی چەند گریمانەیەکەوە دواتر سەلماندیان و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە بە (بۆ)دەست پێدەکەن.**

**٤- توێژینەوەی هەڵسەنگاندن:- بۆ بەدواداچوونی ئاستی سەرکەوتویی بەرنامە و پلان و پرۆژە دانیشتوانییەکان بۆ نمونە وەکو بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان یان گەورەبوونی شارەکان واتە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کەبە (چەند) یان (تاچەند) دەست پێ دەکەن.**

**<u>گرنگی توێژینەوە دانیشتوانیەکان بریتیە لە:-</u>**

١- تــوێژینەوە دانیشــتوانیەکان یــارمەتی تێگەیشــتنی ڕاســتیمان دەدەن لە کــۆمەڵگە کە خــۆی لە راســتیدا چۆنە لە ڕووی پێکهاتە و قەبارە و دابەشبون و دیاردە دانیشتوانیەکانیترەوە.

٢- لەبەر ئەوەی تــوێژینەوە دانیشــتوانیەکان لە ڕێــگەی ژمــارە و ڕێــژە و هەژمــارکردنەوە زانیارییەکانیــان کــۆدەکەنەوە و شــیاندەکەنەوە سروشــتێکی ئامارییــان هەیە بــۆیە دەرەنجــامێکی زۆر نزیــک لە راســتیان هەیە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ پرۆژە و بەرنامەی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان.

٣- لە ڕێــگەی تــوێژینەوە دانیشــتوانیەکانەوە خــاڵە لاواز و کەم و کورتییەکــانی کــۆمەڵگە دیــاری دەکــرێن، هەروەها ئاستی بە زانستی بوونی پلانی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکرێتەوە.

٤- تــوێژینەوە دانیشــتوانیەکان ڕۆڵێکــی گرنگیــان هەیە نەک هەر لە چارەســەرکردنی گرفتەکــانی کــۆمەڵگە بەڵکو لە پێشبینی کردنی ئەو گرفتانەی لە ئاییندەشدا ڕوودەدەن.

٥- لە بــواری بازرگــانی و بەرهەمهێنانیشــدا؛ زانیــاری و دەرئەنجــامی تــوێژینەوە دانیشــتوانییەکان گرنگــی و بایەخی تایبەتیان هەیە چ بۆ چالاککردنی بزاوتی بازرگانی یان هاندانی بەرهەمهێنان.

**هۆکارەکانی پەرەسەندنی توێژینەوە دانیشتوانیەکان:**

١- پێویســتیەکانی شــەڕ و خــۆ ئامــادەکردن بــۆ جەنــگ؛ لە کۆمەڵگاکانــدا هەلــومەرجی ئەوەی هێنــایە پێشــەوە کە بەرپرســان بیرێــک لە هێــزی مرۆیــی و توانــای ئــابوری خۆیــان بــکەنەوە، بــۆ ئەم مەبەســتانە پێویســتیان بە ســەرژمێری و جیــاکردنەوەی ڕەگەز و تەمەنە جیاوازەکــان هەبــوو، کە ئەمەش بەیەکەمــین سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت بۆ توێژینەوە دانیشتوانیەکان.

٢- گەشــەکردنی خێــرا و زۆربــوونی پــر مەترســی دانیشــتوان لە هەردوو ســەدەی (١٨) و (١٩) کە بووەهــۆی بەدەر کەوتنــی چەنــدین تیــۆر و بیروبۆچــونی دژ بە یەک لە بــارەی ئاینــدەی کــۆمەڵگەی مرۆیــی و مەترسیەکانیەوە بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان.

٣- هەستکردن بە هەبوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان دانیشتوان و ژینگە و پەرەپێدان.

٤- پەرەســەندنی زانســتەکانی بــایەلۆژی و مرۆڤناســی و ئەنپرۆپۆمیتری(پێــوانەی مرۆیــی) تــایبەت بە نەژادو و ڕەگەزە مرۆییەکــان وەکــو (مەغــۆل و قەوقــاز و زنجــی) جیاوازیەکانیــان لەڕووی پێکهــاتەی جەستەییەوە کە بووەهۆی کەلەکەبوونی زانیاری زیاتر لەسەر پێکهاتە و چۆنیەتی دانیشتوان.

٥- گەشەکردنی زانستی ئامار و لەبەردەستدابونی زانیاری دامەزراو لەسەر ژمارە و بەراوردکردن و جیاوازی رەگەز و تەمەن... هتد، لە کۆمەڵگاکاندا ئەمەش بووەهۆی ئاسانکاری لە ئەنجامدانی توێژینەوە دانیشتوانیەکاندا.

**٦- شۆرشی پیشەسازی و پەیدابوونی کەرەستە و ئامێری تەکنەلۆژی نوێ بۆ تۆمارکردن و وێنەگرتن و پێوانە و ئاسانی هاتوچۆ و تێکەڵاوی کە کاری توێژینەوە دانیشتوانییەکانی خێراتر و ئاسانتر کرد.**

**٧- بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک و هەستکردن بە گرنگی توێژینەوەی زانست و پشت بەستن بە شیکردنەوەی داتاکان بۆ چارەسەری گرفتەکانیان، ئەمەش بوو بە پاڵنەرێک بۆ زیاتر توێژینەوەی دانیشتوانی لە قەبارە و پێکهاتە و دیاردە دانیشتوانیەکانیتر هەتا لە ڕێگەی پلانی زانستیەوە و لەسەر ئەو زانیارییانە گرفتەکانیان چارەسەر بکەن.**

**٨- بە یاسایی و زانستی بونی دام و دەزگاکانی بەڕێوەبردن و بۆ ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەی وردو زانستی هەبوو لەسەر دانیشتوان.**

**٩- یارمەتیدانی ڕێکخراوە فەرمی و ناحکومیەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەکو کۆمەڵەی گەلان (الامم المتحدە) دواتر نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوانەی پەیوەندییان بە گەشەپێدانی مرۆییەوە هەبوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دانیشتوانی و کۆکردنەوەی زانیاری.**